# تێڕوانینی حەرام (النظر)

## پێشەنگی ئارەزووەکان و

## هۆکارو دەرەنجامە خراپەکانی

## لەسەر تاك و کۆمەڵ


نوسینی:

م. فەرەیدون موحەممەد



چاپی چوارەم 1431 کۆچی – 2010

زاینی

# پێناسەی نامیلکە

**ناوی نامیلکە:** تێڕوانینی حەرام ( النظر ).

**ناوی نوسەر:** م . فەرەیدون موحەممەد .

**زنجیرە:** ژمارە ( 18 ) لە زنجیرە ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست .

**ساڵی چاپ:** 1431 کۆچی – 2010 زاینی.

**شوێنی چاپ:** چاپخانەی سیڤا .

**نۆبەتی چاپ:** چاپی چوارەم.

**تیراژ:** 1000 دانە.

**ژمارەی سپاردن:** ( 346 ) .

**بنکەی بڵاوکردنەوە:**

کتێبخانەی سیما / چەمچەماڵ (07701236089).

کتێبخانەی سوننە / سلێمانی.

کتێبخانەی زانست / کەلار.

✍ **مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە.**

# قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا
فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ
﴿٣٠﴾ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ
وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا
ظَهَرَ مِنْهَا ۖ﴾ .

(النور: ٣٠ – ٣١)

# ئەم دیاری یە پێشکەشە بە :-

- ❖ ئەوخوشك‌وبرا لاوانەی کەیادی خوا دەکەنەقەڵغان بەرامبەر شەیتانی نەفرین لێ کراو.
- ❖ ئەوکۆڕوکۆبوونەوانەی بەکەدوورن لەتێڕوانینی حەرام‌و باس کردنی شەرەف‌و ئابڕووی خەڵکی .
- ❖ ئەودایك‌وباوکەبەڕێزانەی کەڕۆڵەکانیان ئاگادار دەکەنەوە بە خۆ پاراستن لەو تاوانە پێش چارە سەرکردن .
- ❖ ئەو مامۆستاوبانگخوازانەی کە هەمیشە سورن لە سەر ئاگادارکردنەوەی موسڵمانان بۆ خۆپاراستن وچاو پاراستن.
- ❖ ئەو کوڕو کچە لاوانەی کە بەبەردەوامی ڕۆچوون لە نێو هەواو ئارەزووەکانداو، لە خەوی بێ ئاگایدا نغرۆبوون .
- ❖ ئەو کۆمەڵگە پاك وبەڕەوشتانەی کە لە هەوڵی چاککردنی خەڵکیدان بە هاندان‌و ووشیار کردنەوەوە بە هەموو زوبان حاڵێکی کورد.

✍سوپاس‌و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەموو ئەو برایانە دەکەم کە هاوکاریان کردم ئەگە ر بەهاندانیش بێت هەروەهازۆرسوپاسی مامۆستایانی بەڕێز( عبێد فقێ محمد)و (عبدالله کریم شوانی) دەکەم کە ئەرکی پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی شەرعی‌و واتاسازی ئەم بابەتایان گرتە ئەستۆی خۆیان .

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَه، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ (سورة آل عمران: 102).

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾(سورة النساء : 1).

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾(سورة الأحزاب :70 - 71).

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

## پێشەكی

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته .........

سەرەتا سوپاس و ستایشی خوای بەرزو بڵند دەکەم، کەلە دوای کۆمەكو یارمەتی ئەو توانیمان ئەم نامیلکەبەنرخە بۆجارێکی ترو ولەچاپ دانەوەی بۆ(چاپی سێهەم)جیا لە چاپەکانی دی بکەینەوە دیاری بۆ پەرتوکخانەی کوردی و پاشان خوێنەرانی بەڕێزی پێ ئاشنابکەین،لەڕاستیدامەسەلەی ئەو ئارەزووەی کە بانگهێشتت دەکات بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێکی خراپو ناشیرین و قێزەون، هەر لە(بەگوێ کردنی شەیتانو نیگایی حەرامو ڕوانین بۆ ئافرەتو ئەنجامدانی کردەوە بەدڕەوشتی یەکان)و شوێن کەوتنی ئەو ئارەزوەی لەمڕۆی بە جیهانی بووندا ترسناك ترین و خراپترین کردارێکە کەنەوەکانی باوکە گەورەمان ئادەمیﷺ، بەرەو هەڵدێرو لە دەستدانی ئابڕوو ڕێز بردووە،جا یەکێك لەو کارە زۆر خراپانەی کە لە ژێر باڵی ئارەزووە گلاوەکاندا دەخولێتەوە بریتیە لە(**تێڕوانینی حەرام**)کەبەبێ وێنە زۆرێك لە مرۆڤەکانی بە هەردووڕەگەزەوەگرفتار کردووە، بۆیە منیش بە پێویستم زانی ئەم بابەتە لەنوسراوێکی ئاوەهادا پێشکەشی خوشكو برای خوێنەری بکەم،بۆیە تێڕوانینی حەرام بنچینەی هەموو ئەو گوناهانەیە کە تووشی مرۆڤ دەبێت و زۆرێکیش بەرەوکەنار چوون دەبات.جا بزانە خوشك و برای خۆم ......نەفس و ئارەزوو تاکە هۆکارن بۆ لە خشتە بردنت پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە لە گەڵ گۆڕانکاریە کاندا بکەیت،بۆیە بەرپرسی لە

بەرامبەر خۆپاراستن و چاوپاراستنت ئەزانی بۆ؟!.. چونکە گومانی تێدا نیی یە ڕۆژگارێك دادێت و دەچیتەوە بەر بارەگای خوایی و چی دەکەی ؟ئەوکاتەی هەموو ئەندامەکانی لاشەت دێتە وەلاّم و شایەدی لەسەر کردەوە کانت دەدەن,(چاو)یش یەکێکە لەو ئەندامانەی تۆی پێ بەرپرسیاردەکات,جاهیوادارم پەیمانی ڕاستی بدەی بەخوای گەورەوهەمیشەسووربیت لە سەر جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خوای میهرەبان، وە خۆت بپارێزی لەوشتانەی کەگومانی حەرام بونیان لێ دەکری, هەروەها پێشبڕکێ بکەو بگەرێوە لای خودا, چونکە بەڕێزت نازانی کەی دەمری؟ وە شەمەندەفەری تەمەنیشت کاتێکی زۆی تێپەڕاندووە هاکا فەرمانت پێ کرا بەوەستان و دوامەنزلگەی وەستانت کە ئەویش گۆڕی تەنگ و تارە،جا باش بزانە ئەو تێڕوانینە حەرامانەی کە لە ئارەزوویەکی نەخۆش و لاوازەوە سەرچاوەی گرتووە و ئێستاو داهاتوو مەترسی یەکی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنی وە ئەم بابەتەی بەردەستی بەڕێزیشت دلۆپێکی زۆر بچوکە لەو دەریا بەرفراوانەی ناخی خۆشەیستم بۆ تۆی بەڕێز.... هیوادارم ئاگادار کردنەوە و وشیار کەرەوەیەك بێت و مایەی سود بەخشین و جێگەی ڕەزامەندی خوای تاك و تەنها بێت. داواکارین لە خوای میهرەبان کە بمان پارێزی لە تاوان خوای گەورەش **لەتاوانی نووسەروخوێنەروگوێ گرو بلاّوکەرەوەی ئەم بابەتەخۆشبێت**.امین

شاعیری خوانس سەردار ڕەزا دەنوسێت:

پاریـزی چـاوت بکـــه لـه حــەرام
با لـه بەهەشـتدا بگەی بەمەرام
ئەو حۆری عەینەی خوا بەدی هانی
بـۆ بـــاوەڕداره لـــه دار الـــســـلام.

تەنها خوای میهرەبانیش بەخشەرو داپۆشەری تاوانەکانە.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

م.فەرەیدون موحەممەد
( 27 رجب 1430 کۆچی)

# چـــاو

## بەخششێکی خوای میهرەبانە پێویستی بە سوپاس گوزاری یە

بێگومان یەکێك لە بەخشەشەکانی خوای میهرەبان بـۆ مـرۆڤ بریتـی یـە لە(چاو)، چونکە بەڕاستـی چـاوەکان هۆکـاری گـرنگن بـۆ ورووژانـدن و هەسـت پـێ کردنـی شـتەکان لـە هـەموو هەسـت و نەسـتی مرۆڤـدا، هەروەها یەکێکیشەلە هۆکارەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبـەردا لـە شێوەی بینیندا، واتە هەر لە ڕێی ( چاو )ەوە دیاردەکـان دەبینـرێن، پاشان لە دوایدا زانیارییەکان ئاراستەی هۆش دەکرێتو مامەڵەیەکی ژیرانەیان لەگەڵدا دەکرێت ، هەروەها ( چاو ئەو دەزگا بەهێزەشە کـە لە ناوچەی سەری مرۆڤدایـەو خـوای میهرەبـانیش ووشـەی( البصـر ) واتە بینین بەکاردەهێنێت کە دیارە ووشەی (البصر) جیاوازە ووشەی ( العین ) واتە چاو، چونکە گیاندارانیش چـاویان هەیـە بـەڵام قورئـان تـەنها بـۆ مـرۆڤ ووشـەی (البصـر)ی بـەکارهێناوە، بـەم پـێ یـە دەردەکەوێ کە کردەی بینین پرۆسەیەکی تایبەتـەو خـوای گـەورەش بە مرۆڤی بەخشیوە. هەروەها خوای میهرەبان بـۆ هـەر ئەنـدامێك لـە ئەندامەکانی لاشەی مرۆڤ فەرمانێکی بۆ داناوە و بـە یاسـاو ڕێسـایەك دایڕشتووە و کە تەنها شایەن بە خۆیەتی، لـەوەی کـە هـەر ئەندامـەو

سوودی تایبەتی خۆی هەیە بۆ مـرۆڤ، بۆیـە پێویستـە بـەردەوام لـە سوپاس گوزاریدا بین بەوەی کە خوای گەورە یەکێك لـەو ئەندامانـەی لاشەمانی بە ساغو سـەلامەتی پـێ بەخشـیوین‌و نابینـای نـەکردووین، چونکە مرۆڤ هەر لە ساتە وەختێ لە دەست دانی چاوەکانی هەست بە دیار نـەمانی ڕوونـاکی‌و شـاردنەوەی شـتە جوانـەکان‌و دەوروبـەرو ڕوانین بۆ دیاردە سروشتی یەکان دەکات، تاریکی بەسەر چـاوەکانیدا دێـت‌و نیگـەرانی دەکـات، هەرلـەم کاتەشـدا دەروون تاریـك دەبێـت‌و ئیـدی شـەوق‌و زەوقـی جـارانی نـامێنی کەواتـە چـاو بەخشـشـێکی گەورەی خواییەو پێویستە بەو ئەندامە بەندەکان خۆیـان بپـارێزن لـە قەدەغە لێکراوەکان وکاری ناڕەوایان پێ ئەنجام نەدەن جا هەر کـات بەنـدە سـنوری بەزانـدو فـەرمانی خـوای گـەورەی پـێ شـکان تەماشاکردنی حەرامی پێ ئەنجامـدا ئـەوە مـافی خـوای گەورەیـە کـە ئازاری ئەو بەندەیە بدات لە سەر ئەنجامدانی ئەو بـێ فەرمانیـە هـەر بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً﴾ (الاسراء : 36) واتـە: بەڕاسـتی ئەندامـەکانی بیسـتن‌و بیـنین ودڵ هـەموویان کـە سـێ دروسـت کـراوی خـوان، خاوەنیـان بەرپرسـە لێیـان .ووشـەی (البصـر ) واتـە بیـنین و لێ وەگیراوەکـانی (148) جـار لـە قورئانـدا هـاتووە لـە کاتێکـدا ووشـەی ( البصـر ) (88)جار بـە واتـای بینینـی ڕوونـاکی و تـەن‌و شـێوەکانیان بـە چـاو

هاتووە ، وە لە جارەکانی تریشدا بەمانای بیرکردنەوەو تێگەیشتنی ژیری و دیاردەکان هاتووە، وە هەروەها ئەوەی زانراویشە لە ڕووی هەردوو زانستی کار ئەندام زانی و توێکاری یەوە ئەوەیە، کە دەماری بینین لە هەر چاوێکدا زیاتر لە (یەك ملیۆن) ڕیشاڵی دەماری پێك هاتووە ،لە کاتێکدا کە سێ یەکی دەمارەکانی هەست لە مرۆڤدا دەمارەکانی بینینو ئەو زانیاریەش لە ڕێی چاوەوە بە مێشك دەگات، دەگاتە نزیکەی(70٪)یزانیارییەهەستی یەکان(1) هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هُوَ الَّذِي أَنشَأَكُمْ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ﴾( الملك : 23 ) واتە: ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ هەر خوایە کە دروستی کردوون و ئەندامەکانی بیستنو بینین و دڵی پێ داون.

بەڵام زۆر بەکەمی سوپاسی ئەم بەهرانە دەکەن .دەی کەواتە لێرەدا مرۆڤ هەرچی بێتو هەر چۆنێك بێت پێویستە لەسەری کە سوپاس گوزاربێت لە بەرامبەر ئەندامەکانی لاشەیدا، وە پاراستنی ئەم سێ ئەندامەش هۆکارن بۆ بەختەوەری مرۆڤ (بیستنو بینینو دڵ) هەر سێکیان تەواوکەری یەکترین بەوەی ئەگەر گوێ بیستی دەنگی حەرام بێ یا بینینی یاخود دڵت ئارەزووی بکات.هەروەها خوای گەورە لە

(1) گۆڤاری هەیف ژمارە (5) ل (26-27).

ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێت :﴿وَاللّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لاَ تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ الْسَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾(النحل :78) واتە: خوای میهرەبان ئێوەی لەسکی دایکتـان دا هێنایە سەر زەوی و لـە کاتێکدا ئێـوە هیچتان نـەدەزانی، هـەروەها ئەندامەکانی بیستن‌و بینین‌و دڵـی پـێ بەخشـین بـۆ ئـەوەی سـوپاس گوزاری بن، بەڵی فەرموودەی خوای گەورە لەم بارەیەوە زۆرن، کورد گوتەنی(مشتێك نموونەی خەرمانێکە)، دەبێ ئەوەش بزانین کە یەکەم پلەی پەیژەی سـەرکەوتن بـۆ تاوانـەکان (چـاوە) بۆیـە پێویسـتە زۆر ئاگاداربین لە بەکارهێنانیـدا، ڕاسـتە لـە زۆربـەی ئایەتەکانـدا ووشـەی ( السمع ) پێش ووشـەی ( البصـر ) کـەوتووە، بـەڵام دەبـێ ئـەوەش بزانین کە هەردووکیان لە یەك کاتدا دروست کراون و گەشە دەکەن لە سەرەتای دروست بوونی کۆرپەلـەدا، بینـراوە کـە پـەڕەی بیسـتن لـە سەرەتای هەفتەی چوارەمی سوڕی ژیانی کۆرپەلەدا گەشـە دەکـات ، هـەروەها چـالاکی چاویش لـە سـەرەتای هەفتـەی چـوارەم لـە ڕۆژی (22)دا سـوڕی ژیـانی کۆرپەلـەدا گەشـەدەکات، کەواتـە سـوپاس گوزاری بەخششی چاو تەنها بە پاراستنی دەبێت لە ڕوانـینی حەرامـە ناڕەواکان و دوور لە بێ فەرمانی خوای گەورەو میهرەبان.

# خۆت بپارێزە لە( زینای چاو ) !!

خوشكو برای ڕێزداری مسولْمان .... بزانە كە لە ژیانی دونیادا ناتوانین، بە سەر شەیتان و سەربازە چالاكەكانیدا زالْ بین تەنها بەكۆمەكو یارمەتی خوای میهرەبان نەبێت، بۆیە پێویستە پێش هەموو شت داوا لە خوای گەورە بكەین كە پارێزراومان بكات لە فڕوفێڵەكانی شەیتانو وەسوەسە خراپەكانی و رازاوەیی تاوان جا لە هەر پۆشاكو بەرگێكدا بێت، بۆیە نەگرتن و نەپاراستنی چاو لە تەماشاكردنی حەرام لە گەورەترین هۆیەكانی نزیك بوونەوەیە لە شەیتان, بەلاّم بە پێچەوانەوە گرتنو پاراستنی ( چاو ) لە شتەحەرامەكان، پشت شكێنەرو ترسێنەری شەیتانەو هەموو ئامانجو ئاواتەكانی دەبڕێتو ڕیسواو سەرشۆڕی دونیاو دوا ڕۆژی دەكات بۆیە ئیمامی إبن القیم ( ڕەحمەتی خوای لێبێت )لە كتێبی

( الجواب الكافي )دادەفەرموێت: (پۆشینی چاوو پاراستنی بەرەو چاكەو بەختەوەری دەتبات، بەلاّم تێڕوانین و بەرەلاّ كردنی و تەماشاكردنی حەرام، دلْ بەرەو وێران بوون دەبات و وا لەمرۆڤ دەكات هەمیشە لە بیركردنەوەدا بێت، وە هۆكاری خراپ لە سەر لاشەو دەروون بە جێ دەهێلْی ) لەوانەیە بە مێشكتدا بێت باشە

بۆچی زینای چاو؟ ئەی یانی چی؟ ئایا چاویش زینا دەکات؟ چۆن؟ لێرەدا دەڵێین: بەڵێ زینای چاو، چونکە ئەوەبزانەکە خوای گەورە ( ڕەحم بەمن‌وتۆیش ) بکات ئەوبەلاو نەهامەتیانەی کەسانێکی زۆری گرتۆتەوەو ڕۆژانە سەرقاڵن بە زینا کردنەوە(پەنا بەخوا ) کە مەبەست پێی ( زینای بچوکە ) تەنها بەهۆی تێڕوانینی حەرامەوەیەوەك کوردەواری پێشینمان فەرموویانە (هەر دەوەنەو دەبێت بەدار)... بۆیە خوای گەورەدەفەرموێت: ﴿ وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلاً﴾ (الاسراء:32 ) واتە: نزیکی زینامەکەونەوە، چونکە بە ڕاستی ڕەوشتێکی بەدوناشیرین وڕێگەیەکی خراپە، هاوەڵی خۆشەویست (أبي هريرة) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: كتب على ابن آدم نصيبه من الزنى مدرك ذلك لا محالة فالعينان زناهما النظر والأذنان زناهما الاستماع واللسان زناه الكلام واليد زناها البطش والرجل زناها الخطا والقلب يهوى ويتمنى ويصدق ذلك الفرج ويكذبه)[1] واتە: هەموو مرۆڤێك بەشی خۆی هەیە لە زینا و لە سەریشی نوسراوەو پێشی دەگات بەوەی کە هیچ دەربازبونێك نییە لێی مەبەستی بە (زینای بچوکە) کە زینای چاو: بریتیە لە

(1) رواه البخاري (6243) ومسلم (6695) .

تێڕوانینی حەرام، زینای گوێ: بریتیە لە گوێ گرتن لە شتی حەرام وپڕووپووچ، وە زینای زمانیش،بریتی یە لە قسەکردنی خراپ، وە زینای دەستیش بریتی یە لە بەکارهێنانی دەست لە زۆرداری و زەبروزەنگ، وەزینای پێ یەکاننیش بریتی یە لە هەنگاونان بەرەو کاری خراپەو بەدڕەوشتی ، بۆیە دڵیش ئارەزووی دەکات و ئاواتی پێ دەخوازێت وە عەورەتیش ڕاستی ئەو کارە دەردەخات یان بەدرۆی دەخاتەوە (الحافظ ابن الحجر)( ڕەحمەتی خوای لێبێت )دەفەرمووێت: ابن البطال فەرموویەتی: ( بۆیە تێڕوانین و ووتەی خراپ بە زینا دانراوە، چونکە بانگەشە دەکات بۆ زینای ڕاستەقینە (کۆبوونەوەی حەرام کراوبەعەورەت) هەر لەبەر ئەمەش پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( والفرج يصدق ذالك أو يكذبه)(1) ئایا ئەزانی کە بەرهەمی تەماشاکردنی حەرام (النظر) تووش بوونە بە نەخۆشی دەروونیو خیانەتو ناپاکیو دەست درێژی کردنیشە بۆسەرئابڕوو وناموسو هەستی موسوڵمان یان غەیری موسڵمان، کەواتە مادام هەموو سەرەتاو تاوانەکان بە هۆی چاوەوەیە و ئەندامی تر بەکەمی باس کراوە، دەتۆش بیپارێزە، هەروەك شاعیر دەڵێ:

---

(1) بڕوانە: فتح الباری شرح صحیح البخاري (22/11) .

نظرة فابتسامة فسلام فكـلام فموعـد فلقــاء

واتە: سەرەتا تەماشـاكردنو پاشـان بـزەو زەردەخەنـەو لـە دوايشـدا سـەلام كـردنو هـەواڵى يـەك پرسـين ئـيتر دواى ئـەوەش قسـەكردنو مەوعيد دانان بۆ يەك بيـنين و كەوتنـە نـاو ئـەو تاوانـەى نـاونراوە بـە (زينا) ى گەورە (داوێن پيسى)پەنا بە خواى گەورە .

# چەند فەرموودەیەکی خوای گەورە
# دەربارەی تێڕوانینی حەرام ( النظر )

**یەکەم :–** خوای گەورە دەفەرمویێت:﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴾ (النـور: 30 ) واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بەپیاوانی باوەڕ دار بلێ: با چاویان دانەوێنن و تەماشای حەرامی پێ نەکەن و شەرمگەی خۆیان (پاش و پێش ) یان بپارێزن، کە ئەمەش زۆر چاکترە بۆیان و خواش ئاگاداری پیشەکەیانە لێرەدا چاو دانەواندن هۆیەکی گرنگە بۆ پاك ڕاگرتنی دڵو دەروون داوێن، وە هەست کردنیشە بە شیرینی باوەڕو، هەر بەوەی ڕوانین کاری خۆی دەکاتو خوای گەورەش هەستی باوەڕداران بۆ ئەوە ڕادەکێشی کە ئاگاداربن و خۆیان بپارێزن ئەگەر چی کەسی چاودێر لەو کاتەدا بە سەریانەوە نی یە یان شەرم لە کەس ناکەن بەڵام خۆ خوای گەورە چاودێرەو ئاگاداری ئەو کردارانەیە .

کەواتە بە هەموو شێوەیەك تێڕوانینی حەرام قەدەغەیەو دیارە ئەم قەدەغەکردنەش سوودو قازانجی خۆی هەیە، چونکە خوای گەورە باشتر دەزانێ بەوەی کە هەر بەهۆی بینین و تێڕوانینەوە یە هۆکارەکانی وروژاندنی ئارەزووە هەڵچووەکان دەست پێ دەکات (هەربۆیەوتراوە:هەرکەس ئەم چوارەبپارێزێت ئەوادینی پارێزراوە

ئەوانیش تەماشاکردنی حەرام، بیرلێ کردنەوە، دەربڕین بە چەند ووشەیەك وە ڕۆیشتن بۆ کارەکە ).

درەختە لە باخا جوان و پڕ بەرە    خاوەن پەرژین و خاوەن سێبەرە
درەختێ سەر ڕێ بەری هەرکاڵە    گیرۆدەی دەستی دزو منداڵە

دووەم :- خوای گەورە تایبەت بە ئافرەتان دەفەرموێت :-﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ﴾( النور: 31 ) واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بە ئافرەتە باوەڕدارەکان بڵێ :- باچاوی خۆیان دانەوێنن و (پاش و پێش ) ی خۆیان بپارێزن جوانیەکەیان بەدەرنەخەن جگە لەوەی کە خۆی دەردەکەوێت .کە ئەویش زیاتر ڕووی دەرەوەی جل و بەرگەکەیەتی، هەروەها پێویستە ئەوەش بزانرێت کە حیکمەت لە پۆشینی حجاب ئەوەیە کە ئەو خوشکە دەبێت جوانی لاشەی بشارێتەوە و نەشبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی پیاوان، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەو باڵا پۆشانەی لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئافرەتان دەیان پۆشن ناشەرعین ئەویش بەوەی بەڵێ ئافرەتەکە لاشەی داپۆشیوە بەڵام چۆن؟ بەشێوەیەك کە لەگەڵ فەرمانی خوادا زۆر جیاوازە، ئەویش بەوەی کە داوای مۆدیل دەکات و یان بەشێوەی چەند پارچەو یان تەسك و

یاخود ڕەنگاوڕەنگە، کەئەمانە بەهیچ شێوەیەك ئەو بالا پۆشیە ناگرێتەوە کە دین داوای کردووە، بۆیە گومانی تێدا نیە کە ئەم دوو ئایەتەی پێشوو هەردوکیان فەرمانی خوای گەورەن بۆهەردوو ڕەگەز ( ئافرەت و پیاو) ی باوەڕدار بەبێ جیاوازی لەوەی کە چاوەکانیان دانەوێنن لە ئاست ئەو شتانەی کە حەرامن، کەواتە **خوشکی بەڕێزم**.... لەوانەیە تۆش واگومانت بردبێ کە نەهی چاو داخستن تەنها بۆ پیاوەو ئافرەت ناگرێتەوە، بەلام باش بزانە ئەم ئایەتەش تایبەتە بەئێوەی بەڕێزو سەنگین ،چونکە لەپاداشتی خوایشدا هیچ جیاوازیتان نیە، بۆیە لە فەرمان و نەهیەکانیشدا نابێت جیاوازیتان هەبێت، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم هەرکات تووشی ئەو وەسوەسەیە بویت ئەوا یەکسەر پەنا بگرە بەخوای گەورەو میهرەبان ،ویادی خوا بکەو خوات بیر بکەوێتەوە، چونکە لەڕاستیدا زۆرن کەسانێك کە لە خەوی بێ ئاگایدان و بەخەبەر نایەن تاکو ئەو ڕۆژەی ملك الموت( سەلامی خوای لێبێت)دەگاتە سەریان فەرمانیان پێ دەکات بە دابڕانی هەتا هەتایی لە دونیای کەم نرخ و پڕ لە کێشەدا، وەزۆرن ئەوانەی کە بە جوانی و لەش ولاریان دەنازن و پشتیان تەنها بە دونیاوڕازاوەییەکەی بەستووە، بۆیە زوو تەوبە بکەو بگەڕێوە لای خوا ،چونکە تەوبەکردن هۆی سەربەرزی و سەرفرازی دونیاو دوا ڕۆژە هەروەك خوای گەورە

دەفەرمویێت :﴿ فَأَمَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَعَسَى أَن يَكُونَ مِنَ الْمُفْلِحِينَ ﴾ (القصص: 67).

واتە: ئەوکەسەی تەوبە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆلای خواو بەتەواوای و وە باوەڕیش دەهێنێت و کردەوی چاکیش ئەنجام دەدات ئائەوە دەیسەلمێنێ کەلە سەرفرازانە، هەروەها هەولبدە زۆر داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکەو نەکەی بۆساتێکیش لەبیرت بچێت .

**سێ یەم** :- خوای گەورە دەفەرموێت:- ﴿ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً ﴾ (الاسراء: 36 ) واتە: بەڕاستی گوێ و چاوو دڵ هەمویان کە سێ دروست کراوی خوان خاوەنە کانیان بەرپرسە بەرامبەریان بەومانایەی ( کە لە خراپە کاری و تاوان کردندا بەکاریان نەهێنێ ) هەر بۆیە بەدبەختترین و سەرلێشێواوترین کەس لەدونیادا ئەوانەن، کە بە جوانی و ڕازاوەییەکەی و ئەوەی کەتیایەتی دڵ خۆش دەبن و ئەو ڕازاوەییەش بەردەوام لەبەر چاویانە، هەڵبەتە کە ئەمەش یەکێکە لە فێڵەکانی شەیتان، وە یەکێکیشە لە هۆکارەکانی لە خشتە بردنی مرۆڤەکان بەوەش کە ئەندامەکانی سەری مروڤ کە لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێکراوە زۆر بەجوانی ئەوە دەردەخات کە مروڤ هەمیشە پێویستە ئاگاداری ئەو بەخششانەبێت کە خوای کار جوان

پێی بەخشیوه، هەروەك خـوای گەورەلەسـەرەتاوە ووشـەی (السـمع) واتە بیستن ی هێناوە کە زۆرپێویسـتی بەپاراسـتنە لـە بیسـتنی شـتە حەرامـەکان وەك ( گـوێ گـرتن بـۆ غەیبـەت و گـۆرانی و مۆسـیقا...) چونکە گومانی تێدا نیە کاتێك گوێیەکانت تووشی حەرام بوون نزیکە کە چاوو زمان و دڵ و هەموو ئەندامـەکانی تـری لاشـەت تـووش بـبن، بۆیە لەپێچەوانەی ئەمانەدا گوێ بیستی شتە حەڵاڵەکان ببـە هـەروەك خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذَا قُرِىءَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ (الاعراف: 204 ) واتە: هـەرکات قورئـان خوێنـدرا ئـەوا گوێ بگرن و بێ دەنگ بن بەڵکو خوای گەورە بەزەیی پیاتاندا بێتەوە چاویش پێویستی بـە پاراسـتنە، چـونکە بەڕاسـتی بەریـدی شـتەکانە بۆناو دڵ هەر شتێك ببینێ ئەوە دەیگوێزێتەوە بـۆ جـێ ی مەبەسـت، هەروەك ئیمامی ابن القیم(ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: ( ئەی شەیدا ببیستە، پیش ئـەوەی ببـینی، گوێچـکە لـەپێش چـاودا شـەیدا دەبێت، سوپای خۆشەویسـتیش لـە دەرگـای گوێچـکەوە دەچـنە نـاو شاری دڵەوە، هەروەکو زۆرجاریش لە دەرگای چاوەوە دەچـێ، بۆیـە چاوت بپارێزە ) هەروەها دەفەرموێت : ( تاوان کاران بە ئەندامـەکانی لاشــە دووجــۆرن: ئــەو کەســەی تــاوانی ئــەنجام دا بەیــەکێك لــە ئەندامـەکانی لاشـەی و بڕواشـی بـە خـوای گـەورە هـەبوو ئـەوە زۆر

لەپێش ترو نزیك ترە بۆسزای خوایی، چونكە ئەو لەسەر زانیاری ئـەو تاوانەی ئـەنجام داوە، بـەڵام ئەگـەر مرۆڤـی تـاوان بـار بـڕوای بـەخوا نەبووتاوانیشی ئـەنجام دا ڕاسـتە سـزای خـوا دەیگرێتـەوە بـەڵام زۆر دوورە ئومێدبوون بە چاك بوون و ڕێنوموێنی خوایی )[1].

**چوارەم** : خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ﴾ (غـافر: 19) واتـە: خـوای گـەورە شـارەزایەو دەزانێـت بـە خیانــەتی چــاو، وە هەرچــی دڵیشــە دەیشــارێتەوە، دڵ و دەروون لەلاشەی مرۆڤدا شـتێكی خـواكردەو، ئاوێنەیـەكی سـاف و بێگـەردە، بۆیـە هـەموو شـتێكی بـە جـوانی تێـدا دەبینرێـت ئەگـەر بـە تـاوان و سەرپێچی پیس و چڵكن نـەكرێت، لـەم ئایەتـە پـیرۆزەی سـەرەوەش ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە مرۆڤ تەنها بە ئەندامەكانی ( دەست و زمـان و پێیەكانی ) خیانەت ناكـات، بەڵكوخیانـەتی چاو یش یەكێكـە لـەو تاوانانـەی كـە خـوای گـەورە نـاوی بـردووە، بـەوەی كـە ئـەمیش خیانەتێكی گەورەیەو دەست درێژیەكیشـە بۆسـەر ئـابڕوو نـاموس و شەرەف خەڵكی، بۆیە بەپاراستنی چاوت لـەو خیانەتـە ئـەوە مانـای ئەوەیە نەفست پاراستووە، هەروەك ئیمـامی شـافعی (ڕەحمەتی خوای

---

(1) بڕوانة: بةرتووكى (الجواب الكافي) (ل 36).

لێبێت) دەفـەرموویێت: ( نـەفس و دلّ و دەروونـت ئەگـەر سـەرقالّیان نەکەیت بە حەق و ڕاستیەوە ئـەوا بـە شـتی ناحـەق و پـڕو پووچـەوە سـەرقالّت دەکـەن )[1] کەواتـە دەبێـت بزانـی لـەم دونیـای خوایـەدا بەچـیەوە خـۆت سـەرقالّ کـردووە، ژیـانی ڕۆژانـەت لـە کـام شـوێن و جێگادا بەسەر دەبەیت، هەروەها (حارسي المحاسبي) (ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەفـەرموێت: ( فرض البصر: الغض عن المحارم، وترك التطلع فيما حجب وستر )[2] واتە: واجبی چاو ئەوەیـە کـە بیپارێزیـت لـە شـتە حەرامەکان و شتە پەنهان و شاراوەکان.

**پێنجەم** : خوای گـەورە دەفـەرموویێت : ﴿وَقَالُوا لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا قَالُوا أَنطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنطَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ (فصلت : 21) واتە: لەبەر ئـەوەی کـە تـاوان بـاران بـە دەم و زوبان حاشای تاوانەکانیان دەکـەن لـە ڕۆژی دوایـدا خـوای گـەورەش فەرمان بە ئەندامەکانی لاشە دەکات کە شایەدیان لەسـەر بـدەن، جا ئەوانیش لەوەلاٌمدا دەلێن: ئەوەئێوە شایەدی لەسەر ئێمـە دەدەن لـە کاتێکدا ئێمە لەبەر ئیوەمان بوو، ئەوانیش دەلێن: بەلێ ئـەو خوایـەی

(1) بڕوانة: ئاكيزةيي (ل 223).
(2) بڕوانة: رسالة المسترشدين (118-119) .

کەشتەکانی لـە نەبوونـەوە هێناوەتـە بـوون و دروسـتی کـردوون هـەر ئەویشە ئێستا وای کرد کە ئێمە بێینە قسەو شایەدی بـدەین، وەهـەر ئـەو خوایـەش یەکـەم جـار دروسـتی کـردین و هـەر بـۆلای ئـەویش دەگەڕێینەوە، جا بۆیە ...تکایە بۆ یـەك دووڕۆژێکـی دونیـای بـڕاوە خۆت مەخەرە بەر هەڕەشەی ئەو ئایەتـەو بانەبیتـە هـۆی ڕیسـوایی و نەشبیتە جێی گاڵتە پێکردنی ئەندامەکانی لاشەت، ئایا ئـەزانی ئـەوە چ سـاتە وەختێکـە چ ڕۆژگارێکـە وەچ ڕوداوێکـی نـاخۆش و سـەر کۆنەکەرە، لە ڕۆژێکدا کـە هـەموو ئەندامـەکانی لاشـەت شـایەدیت لـە سەر دەدەن ، بۆنمونە چاو یەکێکە لەوئەندامانە وە بگـرە زیـاتر هـەر ئەویش چێژی لەشتە حەرامەکان بینیوە تەنها ئەویش هۆکـاربووە بـۆ ئەنجام دانی ئەو تاوانە، بەڵام لە دواڕۆژدا بەربەرەکانیت دەکات بۆیە پێش ئەوەی بگـەی بـەو ڕۆژە ترسـناکە و لـەوێ پـەنجـەی پـەشـیمانی بگـــەزی ( کەسوودیشـــی نیـــە ) لێـــرە بگـــەڕێوەو تەوبـــەی ڕاسـتەقینەی خـۆت ڕابگەیەنـە، هـەر لـەم دونیایـەدا هـەوڵ بـدە کـە ئەندامەکانی لاشەت بـە کـالآی بـاوەڕو خواپـەرسـتی بڕازێنـەوە ڕاسـتە سەردەمی لاوی و جوانی بەخششی خوای گەورەن بۆمرۆڤ، بەڵام ئایا دەبێت ئەو جوانیە هەر لە شـتی حـەراما سـەرف بکرێـت ،بەداخـەوە زۆریش بەداخـەوە کـە مـرۆڤ هەسـت بـەو بەخششـە خواییـە ناکـات وەزۆریـش بـێ ئاگایـە لێـی، ڕاسـتە گـەنجی و جـوانی ئـەو گەوهـەرە

بەنرخەیە کە تۆ دەیبینی، بەلاّم ئەی نازانی پاش چەند ساڵێکی تر پیری بەرەو ڕووت دێ و ئەو دەم و چاوو لاشە جوانەی کە خۆت پێ ی هەڵدەکێشاڵە کاتی گەنجیدا دوایی چرچ و لۆچ دەبن و ئەو چاوەی تەماشاکردنی حەرامت پێ ئەنجام دەدا ئەو کات نابینا دەبێت و هەموو نیشانەکانی مردن دەبنە زەنگی ترسناکی شایستە بوونت بە سزای خوای پەروەردگاری بەدەسەلاّت.

**شەشەم** : خوای گەورە دەفەرموویت ﴿ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَنْ يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَا أَبْصَارُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ اللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴾ (فصلت : 22) واتە: ئەوە ئێوە لە خوا نەدەترسان کە ئەندامەکانی لاشەتان، ( بیستن و بینین و پێستەکانتان ) شایەدیتان لەسەر بدەن لەکاتێکدا ئەو تاوانە تان ئەنجام دەدا، بەڵکو واگومانیشتان دەبرد کەخوای گەورە ومیهرەبان بێ ئاگایە لە زۆربەی ئەو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن . بۆیە پێویستە ئەوە بزانرێت کە خوای گەورە زۆر زاناو شارەزایە بە کردەوەکان و چاودێریشە بە سەرمانەوە، کەواتە هەرکات بیرت چوو بەلای ئەنجام دانی تاوانێکدا بە ئەندازەیەکی کەمیش بیرێك بکەوە لەو ئازارو ناسۆرو نارەحەتیەی کە بە سەرت دا دێت لە ڕۆژی دوایدا، هەروەها کەمێك خۆت بەراورد بکە لەگەڵ ئەو ساتەی کە فەرمانت پێ دەکرێت بەرەو دۆزەخ ( پەنا

بەخوا ) وەبشزانەکە خواردن وخواردنـەوەیان کـێم و زوخـاوو پیسـی ئەهلی دۆزەخە، بڕوا ناکـەم کەسێك ئەمـە بزانێـت وابەئاسـنی خـۆی تەسلیمی شەیتان بکات وبەوێنەی تۆپ گەمەی تاوانت پـیّ بکـات، جـا فـەرموو ئێسـتا ئامۆژگـاری ئـەو بـاوەڕدارەی هـۆزی فیرعـەون کـە بـە نهێنی باوەڕی هێنابوو لە گویّ بگرە لە کاتێکدا ئامۆژگـاری گەلەکـەی دەکات و دەڵێت: ئەی هۆزەکەم: بزانن ژیانی ئەم دونیایـە کەمـەو زوو تێپـــەڕە، بەڕاســـتی دوا ڕۆژ جێـــی حەســـانەوە و پاڵدانـــەوەی هەتاهەتاییە،ئـەی هۆزەکـەم بەڕاسـتی ژیـانی دونیـاو ڕازاوەییەکـەی خۆشیەکی کەمەو کۆتایی پـیّ دێـت، وە ژیـانی دوا ڕۆژ کـە دوای ئـەم ژیانە دێت ژیانێکی هەمیشـە ییـە کاربکـەن بۆماڵێـك کـە دەمێنێتـەوە خۆتان بپارێزن لە ماڵێك کە لە ناو دەچێت و وە بشزانن لێپرسینەوەی قیامەت زوو دێت و نزیکە(1)





(1) بڕوانە: أيسر التفاسير (535/4).

# چەند فەرمودەیەکی پێغەمبەری خواﷺ دەربارەی (تێڕوانینی حەرام)

**یەکەم : هاوەڵی خۆشەویست**(أبي هريرة) (رضي الله عنه ) **ئەفەرموێت: پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی:** (كتب على ابن آدم نصيبه من الزنى مدرك ذلك لا محالة فالعينان زناهما النظر والأذنان زناهما الاستماع واللسان زناه الكلام واليد زناها البطش والرجل زناها الخطا والقلب يهوى ويتمنى ويصدق ذلك الفرج ويكذبه)[1] **واتە: هەموو مرۆڤێك بەشی خۆی پێدراوە لە زینا، وە لەسەریشی نوسراوە ڕزگاربوونیشی نیە لێی یەك لەوانە زینای چاوە تێڕوانینی حەرامە، واتە تێڕوانینی حەرام بە زینا دەنوسرێ بەڵام زینای بچووك**

**دووەم : هاوەڵی خۆشەویست**(عبدالله بن بريدة) (رضي الله عنه ) **ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خواﷺ بە ئیمامی علی فەرمووە:**(ياعلي ! لا تتبع النظرة النظرة فإن لك الأولى و ليست لك الآخرة)[2] **واتە: ئەی عەلی یەك لە دوای یەك تەماشا مەکە، چونکە یەکەمیان بۆتۆیە واتە بە**

(1) رواه البخاري (6243) ومسلم (6695) .

(2) بروانة: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله (7953).

بەیەکەم تێڕوانین تاوان بار نابیت، بەڵام ئەوەی دووەم جار بۆتۆ نیە واتە تاوان بار دەبیت.

**سێیەم** : هاوەڵی خۆشەویست(جرير بن عبدالله) (رضي الله عنه ) ئەفەرمووێت: ( سألت رسول الله صلى الله عليه وسلم عن نظر الفجاءة فأمرني أن أصرف بصري)[1] واتە: پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خواﷺ دەربارەی تێڕوانینی کوت و پڕو لەناکاو، فەرمانی پێ کردم کە چاوم لادەم لە سەری .

**چوارەم** : – هاوەڵی خۆشەویست(أبي سعيد) (رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی:( إياكم والجلوس بالطرقات ) فقالوا يا رسول الله مالنا من مجالسنا بد نتحدث فيها فقال ( فإذا أبيتم إلا المجلس فأعطوا الطريق حقه ) قالوا وما حق الطريق يا رسول الله ؟ قال ( غض البصر وكف الأذى ورد السلام والأمر بالمعروف والنهي عن المنكر)[2]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی ئاگادارتان دەکەمەوە نەکەن لەسەر ڕێگاوبانەکان دابنیشن، جا

---

(1) رواه مسلم (5611) .

(2) رواه البخاري (2465) ومسلم (5528).

هـاوەڵان فـەرمویان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەی چـی بکـەین لەکاتێکدا ئەوە شوێنی دانیشتن و گفتوگۆمانە شوێنی تریشمان نیـە و ناچارین، جا پێغەمبەری خـوا ﷺ فـەرمووی: دە کەواتـە ئەگـەر هـەر دانیشتن و ناچاربوون ئەوا مافی ڕێگاو بـان بـدەن: ووتیـان مـافی ڕێگـاو بان چی یە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی: مافی ڕێگاوبـان ئەوەیـە کە چاوت داخەیت لە تێڕوانینی حەرام، وەدەستیشت بپارێزی لە ئازار گەیاندن بە خەڵکی، وە وەڵامی سەلام بدەیتەوە، وە فەرمان بە چاکە و نەهی بکەیت لە خراپە.

**پێنجـەم** : هـاوەڵی خۆشەویسـت(عبدالله بن مسعود) (رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:( يا معشر الشباب من استطاع الباءة فليتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء)[1] واتە: ئەی کۆمەڵی گەنجان هـەر کامتـان تواناى ژن هێنانتان هەیە بەهەردوو ڕووی ( مـاددی و جەسـتەیی ) وە با ژن بهێنێ، چـونکە هۆکـارە بۆپاراسـتنی چـاو لـەتێڕوانینی حـەرام، وەداوێنیش دەپارێزێت لـە کـاری حـەرام و خـراپ ،وە ئەگـەر ئـەوەی

---

(1) رواه البخاري (1905) ومسلم (3384).

تواناى نەبوو ئەوە با بەڕۆژوو بێت، چونكە ڕۆژوو هۆكارێكى زۆر گرنگە بۆ بەند كردن و سەركوت كردنى ئارەزووەكان .

**شەشەم:** دایكى باوەڕداران(عائشة) (رضي الله عنها) ئەفەرموویت: (لقد رأيت رسول الله صلى الله عليه وسلم يوما على باب حجرتي والحبشة يلعبون في المسجد ورسول الله صلى الله عليه وسلم يسترني بردائه أنظر إلى لعبهم)[1] واتە: بینیتم كە پێغەمبەرى خواﷺ لەڕۆژى جەژندا لەدەرگاى ژوورەكەمەوە تەماشاى حەبەشى یە كانى ئەكرد لە مزگەوتدا بە ڕمەكانیان یاریان ئەكرد، جا دایكى باوەڕداران عائشە(خوالێى ڕازى بێت)دەفەرموویت: لە پشتى پێغەمبەرى خواوە ﷺ تەماشاى ئەوانم ئەكرد، پێغەمبەرى خواﷺ منى لەوان ئەشاردەوە بە(ڕى دائەكەى) بۆئەوەى سەیرى یاریكردنەكەیان نەكەم.

**حەوتەم** :( إياكم و محقرات الذنوب فإنما مثل محقرات الذنوب كمثل قوم نزلوا بطن واد فجاء ذا بعود و جاء ذا بعود حتى حملوا ما أنضجوا به خبزهم) قال رسول الله ﷺ : اياكم ومحقرات الذنوب ، فإنما مثل ماتحقرون من اعمالكم، كمثل قوم نزلوا بطن واد ، فجاء ذا بعود وذابعود،حتى

(1) رواه البخاري (454) ومسلم (2061).

اشعلوا نارهم و طبخوا عشائهم . رواه امام احمد (231/5) وحديث حسن صحيح الشيخ الالباني في سلسلة الصحيحة ( 389 ) واتـە /ئاگادارتـان دەکەمـەوە خۆتان بپـارێزن لەتاوانـە بچـووکەکان ئەوانـەی کـە خـەڵکی بەبچـوکی دەزانن ، چونکە نمونەی ئەو تاوانانە وەکو نمونەی ئەو کۆمەڵە کەسە وان کـە دەچـنە نـاو دۆڵێکـەوەو هەریەکـەیان بەلایەکـدا دەڕوات بـۆ گردکردنەوەی چیلکە بەوەی کە ئاگرێك بکەنـەوە، پاشـان ئاگرەکـەی پێخۆش دەکەن و چێشتی پێ لێ دەنێن ئیمامی ابن القيم دەفەرموێت :

کل الحوادث مبداها من النظر ... ومعظم النار من مستصغر الشرر
کم نظرة بلغت فى قلب صاحبها ... کمبلغ السهم بين القوس والوتر

واتە / هەموو ڕوداوەکان سەرچاوەیان تێـڕوانینی حەرامـە، وە ئـاگری گەورەو بەهێز لە پڕیشکی بچووکەوە دەست پێ دەکات، وەچـەندەها تێڕوانین هەبوون و کاریگەریان هەبوو لەسەر دڵ، هـەر وەك کارگـەری تیر کە کەوانیشی تیا بەکار نەهاتووە .

# ووتەی هاوەڵان و پیاوچاکان و زانایان دەربارەی تێڕوانینی حەرام .

**خوشك و برای بەڕێزم**....گومانی تێدا نیە بە خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەكی پێشوو لەم نامەیەدا ئەوەت لا گەلاڵە بووە كە خوای میهرەبان و پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن ترسناكی و قێزەونی تاوانی تێڕوانینی حەرامیان ئاماژە پێكردووە، هەروەها پێویستیشە ئەوە بزانین كە شەریعەتی خوای گەورە گشتگیرەو هەموو لایەنەكانی ژیان دەگرێتەوە هەر لە تاوانە زۆر بچووكەكانەوە تا تاوانە گەورەو لەناوبەرەكان، هاوەڵی خۆشەویست(أبي هريرة) (رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: (إن الله يغار وإن المؤمن يغار وغيرة الله أن يأتي المؤمن ما حرم عليه)[1] واتە: خوای گەورە پێ ناخۆش بوونی خۆی هەیە، وەباوەڕداریش پێ ناخۆش بوونی خۆی هەیە، پێ ناخۆش بوونی خوای گەورەش ئەوەیە كە

---

(1) رواه البخاري ( **5223** ) ومسلم ( **6930**).

دەبینێ بەندەکەی دەچێت بەلای حەرامدا .بێگومانیش ( تێڕوانینی حەرام ) یەکێکە لەو تاوانانەو خوای گەورەش حەرامی کردووە و پێی ناخۆشە بەندەی خۆی لەو حەرامەدا ببینێت، هەر بۆیە پێشەوایانی پێشین (سلف) یش ( ڕەحمەتی خوایان لێبێت) گرنگی یەکی تایبەتیان بەم باسە داوە و نوسراوو ئاگادارکەرەوەو ووتەیان دەربارەی هەیە لەوانە:

1- **ئیمامی** ( القرطبي )(ڕەحمەتی خوای لێبێت ) ئەفەرموێت:( چاو دەرگایەکی گەورەیە بە ڕووی دڵدا، پێویستە ئەو دەرگایە بگیرێت و ئاگاداری بێت )[1].

2 – **ئیمامی** ( ابن القيم )( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) دەفەرموێت:( هەموو سەرەتای تاوانێك بەهۆی چاوەوە یە، هەربۆیە کە فەرمان کراوە بە گرتنی و داخستنی، چونکە ئەمە پێشەکیەکە بۆ پاراستنی عەورەت، وەهەموو ڕوداویکیش سەرەتاکەی تێڕوانینە)[2].

(1) بڕوانة: قەڵغانی موسوڵمان (90).
(2) بڕوانة: قەڵغانی موسوڵمان (90).

3- (عبدالله بن مسعود ) (ڕەزای خوای لـێ بـێ) ئەفـەرموێت: تـاوان زاڵ دەبێت بە سەر دڵدا، هەتاکو تاوانی وای پـێ دەکـات کـە شـایەنی باس کردن نیە و زۆر قێزەونە(1).

4- شیخ حەسەنی بەصری ( ڕەحمەتی خوای لێ بێ ) دەفەرموێت: هەر کەسێك چاوەکانی بەرەڵا بکات و بیگێڕێت بەملاو ئەولادا ئـەوا خـەم و خەفەتی زۆر دەبێت(2)

5- (الحافظ ابن الحجر) ( ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ) دەفـەرموێت: گەورەترین فیتنەو بـەڵا کەبەسـەر موسـوڵمانانـدا دێـت، تـەنها بـەهۆی ئافرەتەوەیـە ئـەویش بەبەڵگـەی ئـەو ئایەتـەی کـە خـوای گـەورە دەفەرموێـت ﴿ زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ ﴾ (ال عمران:14)(3)

6- ئیمـــامی ( ابن القیم )( ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت ) لەوتەیـەکی تـردا دەفەرموێت ﴿ بەڕاستی خوای گەورە و میهرەبان گێڕاوێتی کـە چـاو ئاوێنەی دڵە ، ئەگەر بەندە چاوی داخست و پاراستی لـە حـەرام ئـەوا دڵـیش هـەواو ئارەزووەکـە خەفـە دەکـات و نایهێڵێـت. بـەڵام ئەگـەر

(1) بِروانة: فوائد غض البصر (12).
(2) بِروانة:فوائد غض البصر (12).
(3) بِروانة:الابتلاء بفتنة النساء (6).

چـاوی بـەرەڵاکردو تێـڕوانینی حـەرامی پـێ ئـەنجام دا ئـەوا دڵـیش ئارەزووی شتی خراپە دەکات)[1]

7- (علاء بن زیاد ) ( ڕەحمەتی خوای لێ بێ ) دەفەرموێت : ( ئەی بەندەی خوا چاوەکانت شوێنی حـەرام مەخـە ، چـونکە تەماشـاکردنی حـەرام شەهوەت و ئارەزوو دروست دەکات ، پاشان کاریگەری دەبێت بۆسەر دڵ )[2]

8- (سـوفیاني الثـوري ) ( ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت ) دەفـەرموێت : ڕەبیعی کوڕی خوسەیم بۆی گێڕامەوەکە ڕۆژێکیان چووە تە دەرەوەو لەو کاتەشدا ئافرەتێکی بینیوە ، ئەویش چاوەکانی داخستوەو تونـد نوقاندویەتی ، تا ئەو ئافرەتە تەماشـای کـردووەو وا گومـانی بـردووە کە ڕەبیع بە تە واوی نابینا بووە)[3].

---

(1) برِوانة:اين نحن من اخلاق السلف (102).

(2)برِوانة: أين نحن من أخلاق السلف (102).

(3) برِوانة:الابتلاء بفتنة النساء ( 32).

# بترسە لە فیتنەی ئافرەت !!

**موسوڵمانی خۆشەویست** : بەڕاستی دووچاربوون بە بەلاو پەژارەی ئافرەت یەکێکە لەو تاوانانەی کە هەر لەمێژەوە پێغەمبەران( علیهم الصلاة والسلام ) و پیاو چاکان لێی ترساون و خۆیان لێی پاراستووە، هەروەها دوژمنانی ئیسلامیش هەستیان بە م خاڵە گرنگە کردووەو یەکێك لەو هۆکارانەی کە بەکاریان هێناوە دژی موسوڵمانان بانگەشە کردن بۆ ڕووتی و سفوری و بەرەڵایی ئافرەت و تێکەڵاو بوون لە گە ڵ پیاوان و داماڵینی پەردەی شەرم و حەیاو لابردنی باڵاپۆشی بووە کە فەرمانی خوای میهرەبانە، چونکە باش دەیانزانی لە هیچ ڕوویەکەوە ناتوانن سەرکەون بەسەر موسوڵمانانداو لەناویان بەرن، بۆیە ئەم چەکەیان دۆزیەوە بۆبەرەنگاربوونەوەی و دژیان ، لەم کارەشدا دوو مەبەستی سەرەکیان دێتە دی کە ئەویش:

**یەکەم**: ئافرەتەکان بەرەو سفوری و کاری بەد ڕوشتی و لەدەستدانی شەرم و حەیا بەرن.

**دووەم** : پیاوان گومڕاو سەرلێشێواو بکەن و نوقمی زەلکاوو گۆماوی ئارەزووەکانیان بکەن و هەستی مرۆڤ بوون و موسولّمان بوونیان دەگۆڕن و بەرە و بەئاژەڵ بوونیان دەبەن، هەربۆیە ئەوەتا یەکێك لە خاڵەکانی پرۆتۆکۆلاتی جولەکە دەڵێت: (پێکێکی مەیی وئافرەتێکی ڕووتی سەماکاری سۆزانی کاریگەریەکی وایان دەبێت لەسەر شوێن کەوتوانی موحەممەد کە بە (هەزار ) تانك و بۆمب نەکرێت، دەی کەواتە نوقمی نێو مادده بێهۆشکەرو شەهوەت و ئارەزوویان بکەن ) یان لە پرۆتۆکۆڵێکی تری جولەکە دا هاتووە دەڵێت: ( پێویستە کار لەسەر ئەوە بکەین کە ڕەوشت بڕوخێنین لە هەموو شوێنێکدا تاکو بە ئاسانی دەسەلأتمان بشکێت بە سەریدا ، فرۆید لە ئێمەیەو بەردەوام پەیوەندیە سێسیەکان ئاشکرا دەکات و لەبەر تیشکی خۆر نمایشی دەکات، بۆئەوەی شتەکان بە پیرۆزی نەمێننەوە، وە تەنها خەمی گەورەیان تێرکردنی غەریزە جنسیەکان بێت، ئەوکاتە ڕەوشت هەرەس دێنێت و دەڕوخێت )(تر) جا هەر لەم ڕوانگەیەوە بەڕاستی

---

(1) برِوانة:کتێبی تربیة الاولاد في الاسلام / عبدالله علوان- (62).

دونیا هەمووی تاقی کردنەوەیە، ئایا خۆئارایشت کردن و دۆڕاندن و خۆڕازاندنەوە لە بازاڕو بازرگانی دونیادا باشترە یان دۆڕاندن لە ڕۆژێکدا کە هیچ کەس خۆشی بەچارەتدا نایەت وهەمووکەس تەنانەت نزیك ترین کەست هاشات لیّ دەکات و لێت ڕادەکات سەرەڕای ئەمانەش ئەو شەیتانەی کەهەمیشە لەمل شکاندندا بوو بوّت ئەویش حاشات لیّ دەکات هەرچەند لە دونیادا زۆر فریوی ئەدای وەك خوای گەورە دەفەرموێت :﴿الشَّيْطَانُ يَعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيَأْمُرُكُم بِالْفَحْشَاء ﴾ (البقرە: 268) واتە: بەڕاستی شەیتان بە هەژاری دەتان ترسێنیّ و فەرمانتان پێ دەکات بەئابڕو چوون و بەدڕەوشتی، بۆیە دوور کەوتنەوە پێویستە لە شەیتان و دارو دەستەکەی کەواتە یەکێك لەو کارە بەد ڕەشتانەی کە شەیتان گرەوی خۆی پیّ بردوّتەوە مەسەلەی فیتنەی ئافرەتە ، هەر لەبەر ئەوەشە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (ما تركت بعدي في الناس فتنة أضر على الرجال من النساء)(1) واتە: هیچ شتێکم لە بەلاّو تاقی کردنەوە لەدوای خۆم بەجیّ نەهێشتووە کە زیان و زەرەری هەبێت بۆسەر پیاو وەك

(1) رواه البخاري (5096) ومسلم (6880).

ئافرەت، واتە هێند فیتنەیەکی گەورەیە کە مەحاڵە پیاو خۆی بگرێت لە بەرامبەری هەروەها

هـــاوەڵی خۆشەویســـت(أبـي سـعيد) (رضـي الله عنـه) ئەفـــەرموویێت: پێغەمبــەری خــواﷺ فەرموویــەتی: (إن الـدنيا حلـوة خضـرة وإن الله مستخلفكم فيها فينظر كيف تعملون فاتقوا الدنيا واتقوا النساء فإن أول فتنة بني إسرائيل كانت في النساء)[1] واتــە: بەڕاسـتی دونیـا شـیرین و سەوزە، ئێوەش جێنشـینی خـوای گـەورەن، جـا تەماشـاتان دەکـات بزانێت چی کردەوەیەك ئەنجام دەدەن، بۆیە خۆتان بپارێزن لە دونیـا وە خۆشتان بپارێزن لە ئافرەت، چـونکە بەڕاسـتی یەکـەم فیتنەوبـەڵا پەیدابوو لەناوبەنی ئیسرائیلدا بە هۆی ئافرەتەوە بوو.بێگومان کاتێـك خوای کارجوان هەردوو ڕەگەز (ئافرەت و پیاوی ) درووسـت کـردووە هەرخۆشی باشتر دەزانێت کە چی کاریگەریەکیان بۆسەر یەکتر هەیە، لــە پێکــدادانی سروشـــتی هـــەردوولاو هێــزی ڕاکێشـــانی ئـــارەزوو لەنێوانیانــدا، بۆیــە بــەهیچ شـێوەیەك درووســت نیــە ئــەو جـۆرە تێکەڵاویەی کە ئەمڕۆدەبینرێت، چونکە دەبێتە هۆی خۆشحاڵ بـوونی دوژمنـانی ئیسـلام و بڵاوبوونـەوەی کـاری بـەد ڕەوشـتی، ئـەوەتا( د.

(1) رواه مسلم (6883).

مــدرو بیرغــر) دەڵێــت: ( ئــافرەتی موســوڵمان بــەتواناترین چــین و توێژەکانی کۆمەڵگەن کە دەتوانن کۆمەڵگە بەرەو بەد ڕەوشتی یاخود بەرەو ڕەوشـتی بـەرزو ئـاین پـەروەری بـەرن ) هـاوەڵی خۆشەویسـت (**عبدالله بن مسعود**) (رضي الله عنه) ئەفـەرمووێت: پێغەمبـەری خـواﷺ فەرموویــەتی: (**المرأة عورة فإذا خرجت استشرفها الشيطان**)(1) واتــە: ئافرەت هەموو لاشەی عەورەتە هەرکات چووە دەرەوەی ماڵ شەیتان سەرپەرشـتی دەکـات، واتــە شــەیتان دەچێتە نـاخی و دڵیــەوە تـاکو خۆڕازاندنەوەو جوانکاری و فیزلێدانی پـێ ئـەنجام دەدات، خوشـك و بـرای خوێنــەر: تێکــەڵاوبوون لەگــەڵ ڕگــەزی بەرامبــەر، دەبێتــە هــۆی پەیـــدابوونی گومـــان و خـــراپ بـــوونی دڵان، بۆیـــە زۆر پێویســـتە خۆپاراستن لە تێکەڵاوی، چونکە تێکەڵاوی بەرهەمی دەبێت و لەهەرە بەروبوومە گرنگەکانیشی، شەڕو بەڵاو نەهامەتی یـە هـەروەها دەبێتـە هۆی دروست بوونی زیناو بەد ڕەوشتی یـاخود دەبێتـە هـۆی داڕزان و بۆگـەن بـوونی کۆمەڵگـە، و لێـك تـرازان و لەناوچـوونی خێزانـەکان و نەمانی شەرەف وحەیاو ڕێزو دەشبێتە هـۆی بێـزراوی و ڕیسـوایی لـە دونیاو دواڕۆژدا وهتد... هاوەڵی خۆشەویست (**عقبة بن عامر**) (رضي الله

---

(1) بڕوانە: مجلة المجتمع (31) .

عنه) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی: (إياكم والدخول على النساء فقال رجل: يا رسول الله أرأيت الحمو؟ قال:"الحمو الموت)[1] واتە: ئاگاداربن هەرگیز لەگەڵ ئافرەتانی بێگانە کۆمەبنەوە، یەکێك لەپشتیوانان (أنصار) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر ماڵە خەزوران بوو واتە ( برای مێرد یان ئامۆزاو خاڵوزاو پورزا ...) فەرمووی: ئەوە هەر مردنە .واتە بمریت لەوە باشترە لەگەڵ ئەوان کۆبیتەوە و دبنیشیت، بەڵێ ئەی خوێنەری ژیر بەڕاستی تێکەڵاوی تاوان و گوناهە، ڕوخێنەری کردەوە چاکەکانەو بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی پڕ لە فیتنەو بەرەڵایی و ڕووتیدا، وەك لە هەموو شوێنەکاندا و بەهەموو شێوەیەك پەرەی پێدراوەو لە زۆربەی ماڵ و شوێنە گشتیە کان وخوێندنگەو نەخۆشخانەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشدا وە لە گۆڤارو ڕۆژنامە کانیشدا بانگەشەی بۆدەکرێت، کە هەر بەم هۆیەشەوە زۆرجار دەبیسترێت کە چەندەها کەس بە هۆی تێکەڵاوی و مانەوە بەتەنها لو شوێنانەدا توشی ڕیسوایی و کارەساتی دڵ تەزێن دەبن، هەر لە ناو زڕاندن و بەندکردن و دوورخستنەوەوە تادەگاتە خۆکوشتن، دەبێت باش ئەوەش بزانین

---

(1) رواه البخاري (5232) و مسلم (5638).

کە ئەمە هەمووی بەرهەم و لاسایی کردنەوەی ولآتانی ڕۆژئاوای بەناو پێشکەوتن و دیموکراسیە کە بە دیاری بۆ گەلانی ڕۆژهەلآتیان ناردووە وئەوان خۆیان تەواو لێی تێربوون و زیانی گەورەیان لێکەوتووە بەوهۆیەوە وئیستاش دەیانەوێت بەمە مومارەسەی بکەن، ئەوەتە ئەمریکا لەولآتە بەناو پێشکەوتووەکان دەژمێردرێت لەم دواییەدا دانی نا بەوەی کە باشترین چارەسەر بۆ نەهێشتنی تاوان و دەست درێژی بۆسەر ئافرەتان لەو ولآتەدا جیاکردنەوەی کوڕان و کچانە لە خوێندنگەکان و شوێنە گشتیەکاندا .هەروەك لە سەرژمێریەکدا هاتووە کە (19)ملیۆن ئافرەت لە ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوونەتە قوربانی دەست درێژی کردنە سەر ناموس و شەرەف و ئابڕوو[1]. هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکی ناوەندی نیشتمانی ئەمریکادا هاتووە کە لە ماوەی تەنها یەك کاتژمێر دا (78) ئافرەت دەست درێژیان دەکرێتە سەر، هەروەها ( هێزی پۆلیسی ئەڵمانی ڕایگەیاند کەوا جل وبەرگ و شێوەی ڕۆیشتنی ئافرەتان پەیوەندیانهەیە بەو دەست درێژیکردنانەوە)[2].هەروەها **جۆرج بالوش** دەڵێت:(ڕۆژانە بەدەیان تەن لەبۆمبی سێکسی دەتەقێتەوەو دەرەنجامەکەشی مایەی

---

(1) بڕوانە: کتێبی ( یوم أن إعترفت أمریکابلحقیقة (55).
(2) بڕوانە:مجلة المختار الاسلامیة ذمارة(65)ذي القعدةي( 1408).

دڵە ڕاوكێیە، بۆیە ئەمەش هەر منداڵەكانمان ناكاتـە دڕنـدە لـە بـواری ڕەوشـتدا نـا بـەڵكو سـیمای كۆمەڵگـە دە ڕوشـێنێ )[1] وەهـا لـە ڕاپرسیەكدا كە زانكۆی **كودنل** پێی هەڵساوە، تیایـدا هـاتووە كەلـە (70٪)ی ئافرەتانی كرێكـار لـە بوارەكـانی مـەدەنی دەسـت درێـژیان كراوەتە سەر كە ئەویش بە هۆی تێكەڵاویەوەیە ، وە (56٪) یان زۆر بەشـێوەی وەحشـیانە دەسـت درێـژیان كراوەتـە سـەر ئەمانـە وچەندەهای تر.

إن الرجال الناظرين إلى النساء    مثل السباع تطوف باللحمان

إن لم تصن تلك اللحوم أسودها    أكلت بلا عوض و لا أثمان

واتە: نمونەی ئەو پیاوانەی كە لە ئافرەتان دەڕوانن، وەك ئەو دڕندانە وان كە شالاو بۆ نێچیرەكانیان دەبـەن و بـە دەوریانـدا دەسوڕێنەوە، دەم لــە كەلاكــەكانیان وەر دەدەن، ئەگــەر پارێزكارەكــان ئــەو گۆشـتانە لـە دەمـی دڕنـدەكان نـەپارێزن، ئـەوا دەخـورێن و لـووش دەكرێن بەبێ بەرامبەر و بە بەلاشو حەلاش .

(1) برِوانة: كتێبي الثورة الجنسية (100).

# سوودەکانی چاو پۆشین

چاوپاراستن و خۆپاراستن دووهۆکاری زۆر گرنگن، لە بۆ پاراستنی داوێن و شەرمگەو پاراستنی ڕوو سوری و ئابڕوی مرۆڤەکان، هەروەها سودێکی زۆریان هەیە هەروەك پێچەوانەکەی واتە ڕوانین بۆحەرام زەرەرو زیانی خۆی هەیە، جا ئیمامی إبن القیم ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) لە کتێبی الجواب الکافي دا چەند سودێکی چاو پۆشینی ئاماژە پێکردووە لەوانە :

**یەکەم** : هەرکات چاوت لە حەرام پۆشی واتە فەرمانی خوای گەورەت جێ بە جێ کردووە و هۆکارێکی گرنگیشە بۆ بەختەوەری دونیاو دواڕۆژت ، بۆیە مرۆڤیش ئامانجی سەرەکی ئەو بەختەوەریەیە .

**دووەم** :چاوپۆشین لە شتە حەرامەکان ڕێگرێکی زۆر گەورەو بەهێزە لە تیری ژەهراوی و ناهێلێت ئەو تیرە ژەهراویە بگاتە سەر دڵ و کاریگەری خۆی هەبێت.

**سێ یەم** : وا لە دڵ دەکات کە هەمیشە هەست بە نزیکی خوا بکات ، وە ئارەزووی دیداری خوابێت، هەروەك بەرەلاکردن و گێڕانی بەملاو لادا دڵ تەنگ دەکات و لە خوات دوور دەخاتەوە وە هیچ شتێك ئازاردەر نیە بۆ مرۆڤ بە وێنەی چاوگێڕان .

**چوارەم** :بەڕاستی دڵ بە هێزو خۆشحاڵ و کامەران دەکات، هەروەك چۆن تێڕوانین دڵ غەمبارو پەست و گرفتار دەکات.

**پێنجەم** : چاو پۆشین دەبێتە هۆی ڕوناکی بۆسەر دڵ، وەك پێچەوانەکەی دڵ تاریك دەکات .

**شەشەم** : دەبێتە هۆی دەست کەوتنی فیراسەت و ڕاستگۆیی و پاك کردنەوەو جیاکردنەوەی نێوان ڕاستی و ناڕاستی یان چاك و خراپە .

**حەوتەم** : ئازایەتی و دەسەلأتداریێتی دەبەخشێت بەبەندەی خوا، هەروەك وتراوە ( هەرکەسێك دژی ئارەزووەکان بوەستێت ئەوا شەیتان لە سێبەرەکەی دەترسێت .

**هەشتەم** : چاو داخستن دەبێتە هۆی داخستنی دەرگای بەلأ لە شەیتان، وەدڵیش ئاوەدان دەکاتەوە، بەوەی کە هاو سنورن .

**نۆیەم**: دەبێتە هۆی لە دەست دانی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ ، چونکە تێڕوانینی حەرام دڵ وێران و بێ ئاگا دەکات .

**دەیەم**: نەڕوانینی حەرام دەبێتە هۆی بێزار بوونی شەیتان و ڕاونانی، چونکە شەیتان جێگەی لەو جۆ رە دڵانەدا نابێتەوە[1] .

## برای شاعیر ( عبدالله کە ریم شوانی ) دەنوسێت:

ئەگەر ساتێك نوری ئومێدی خوایی نەمژێنێ.

ئەم دەیجوری شەوە زەنگە هەرەس بەماڵی دڵ دێنێ.

---

(1) بڕوانة: جواب الكافي لابن القيم ( باب منافع غض البصر ) (306).

هەر چراخانی نووری تۆیە لە مەملەکەتی دڵمدا.

ئاسوودەیی و کامەرانی هەردوو دونیام بۆ دەهێنیٚ.

# هۆکارە ڕێخۆشکەرەکان بۆ تێڕوانینی حەرام

## 1- تەماشا کردنی وێنەی قەدەغەکراوو حەرام .

نکۆڵی لەوەناکرێت کە سەیر کردنی وێنە سەرنج ڕاکێشەکان هۆکاری زۆر گرنگن بۆ وروژاندنی لایەنی جنسی مرۆڤ ، بە هەردوو ڕەگەزەوە ، جا ئەو وێنەیە چ هەڵواستراو بێت یاخود لەبەر دەستدا بێت ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەو خۆ ،هەروەك چۆن ئێستا دەبینی تەنانەت بەرگی گۆڤارو کتێب و ڕۆژنامەکانیش پڕکراون لەو جۆرە وێنە ڕووت و بەدڕەوشتیانە، کە بە ڕاستی ئافرەتانیان مەزاد کردووەو لە بازاڕی شەیتاندا نمایشی دەکەن ،جانازانم خۆ ئەگەر دەمیان بکەیتەوە ئەوە یەکسەر پەنا دەبەنە بەر ئەوەی مافی ئافرەت واو مافی ئافرەت وا ئەی ئەوە مافی ئافرەتە لای تۆ کە بەهەر شێوە بتەوێت هەڵگێڕو وەرگێڕی پیٚ دەکەی لە ڕاستیدا مافی ئافرەت تەنها لای ئەوانە بوونی نیە، چونکە ئەگەر کەمێك بەووردی بڕوانیتە شوشەی عەرەق کەپیس ترین

خواردنەوەیە ئەوە دەبینی ئەویش لەوێنەی ئافرەت بێبەش نەکراوە، جا توخوا ئایا مافی ئافرەت لای ئەوانە یان لای ئیسلام؟ هەر لەبەر ئەم چەند هۆکارەیە کە دینی خوا هەڕەشەی ترسناکی لە وێنە گران و دروست کارانی کردووە .کەواتە خۆت بەدوور بگرە لە وێنەو تەماشای مەکە .

## 2-تەلەفزیۆن و سەتەلایت و کاسیەتی سیدی بەدڕەوشتی .

هەڵبەتە کە دەڵێین تەلەفزیۆن واتە ئەو جۆرە تەلە فزیۆنانەی کە بانگەشەی خراپەو بلاوبوونەوەی کاری بەد ڕەوشتی دەکەن و دوورن لەکاری چاکەو پیشاندانی شتە سوودمەندەکان، چونکە ئەوانە یەکێکن لە هۆکارەکانی تێك دان و داڕوخانی کۆمەڵگە، وە پەتاو نەخۆشیەکی کوشندەو ترسناکە، لەبەر ئەوەی دەتوانن کە سەرنجی بینەر بۆلای خۆیان ڕابکێشن، کە یەکەم شت دەوری خۆی دەبینێ چاوە بەو هۆیەشەوە دەتوانی لەشتەکان ووردبیتەوە ، هەروەك ئەوەی کە دەرکەوتووە زۆربەی کەناڵەکان لایەنی خۆشەویستی ئافرەت و ڕووتی و سۆزداری و گۆرانی و هتد... نمایش دەکەن، کەواتە ئێستا دەتوانین بڵێین کە ئافرەتێکی ناو تەلەفزیۆن زیاتر کاریگەرە بۆ ( تێڕوانینی حەرام ) لیێ وەك لە ئافرەتێکی سەرجادەو کۆلانەکان، ئەویش بەوەی لەتەماشاکردنی ئەو ئافرەتەی نێو

تەلەفزیۆن وتەواو تێڕوانین لێی هیچ جۆرە چاودێریەك و شەرمێك نیە لەسەرت بەلاَم لەو ئافرەتەی تر کە لە سەر جادە یان لە بازاڕەکاندا لێی دەڕوانی ئەگەر دوای دووجار تێی بڕوانی سەری سێیەم جار وازی لیَ دێنی، چونکە وا لێك دەدەیتەوە کە ئەمە قسەیەك بکات یان کەسێکی لە گەلّدابێت یەخەت بگرێت، کەواتە دەی ئیتر تا خالّی کۆتایی لە تەلەفزیۆن مەڕوانە نەبادا نابینابیت .

## 3- هاوڕێی خراپ .

خوشك و برای ئازیز بزانەو ئاگاداربە، کە لە ژیانی دونیادا کێت کردۆتە هاوڕیَ و دۆستی خۆت، چونکە لەڕاستیدا هاوڕیَ ئەو کەسەیە کە هەموو نهێنیەکانتی لەلایەو بڕوای تەوات لەسەری هەیە، وەبەوەش کە بەڕاستی زۆربەی ئەو کەسانەی کە تووشی تاوان بوون بە هۆی هاوڕێی خراپەوەبووە، بۆیە زۆر وووریا و ژیر بە لە هەلّبژاردنی هاوڕیَ دا ، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنسَانِ خَذُولًا﴾ (الفرقان: 27- 29) واتە: ڕۆژێك دادێت کەسی ستەم کار لە پەشیمانی دا گاز لە هەردوو دەستی خۆی دەگرێت و دەلّێت : خۆزگە

لەگـەڵ ڕێبـازی پێغەمبـەردا ﷺ بووماـیە ، خۆزگـە فلانەکەسیشـم نەکردایەتە هاوڕێ و دۆسـتی خـۆم ، چـونکە بەڕاسـتی گـومڕای کـردم لەبەرنامەکەی خوا دوای ئەوەی کـە پـێم ڕاگەیەنـدرابوو، وەبەڕاسـتی شـەیتان هەمیشـە هـانی مـرۆڤ دەدات بۆگونـاه وتـاوان . کەواتـە هەڵبـژاردنی هـاوڕێ پەیوەسـتە بـە هەڵبـژاردنی دواڕۆژتـەوە ، وەك پێغەمبـەری خـوا ﷺدەفـەرموێت: (الرجل على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل)(ت).

واتە: مرۆڤ لەسەر بیرو بـاوەڕی هاوڕێکەیـەتی، جا هەریـەك لـە ئێـوە بابزانێت کە کێ دەکاتە هاوڕێی خۆی ؟

## 4- گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە و پەرتوکە بەدرشەوشتیەکان.

هۆکارەکـانی ڕاگەیانـدن لـە گۆڤـارو ڕۆژنامـە هۆکـاری گـەورەن بـۆ ڕۆشـنبیرکردن و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانیـاری مرۆڤـەکان، بـەڵام لەهەمان کاتدا بەشێوەی پێچەوانە دبینرێت لەسـەردەمی ئەمرۆمانـدا، بەداخـەوە کـە مەترسـیەکی زۆر گـەورەیان هەیـە بۆسـەر تـەواوی چینەکانی کۆمەڵ، ئەویش بەوەی کە ڕۆژانە یاخود هەفتانە پەیوەندی دەکات بە خوێنەرانیەوە، بۆیە بەو وێنـە ڕووت و سـەرنج ڕاکێشـانە ی

(1)

سەر بەرگەکەی یاخود ئاماژەکردن بە مانشێتێکی سەرنج ڕاکێش بۆناوەوەی بابەتەکە، بەمەش خەڵکی پێ لەکادار دەکرێت و هەرجارەی بەناوو ناتۆرەیەك بەناو هونەر مەندێك دەناسێنێ، کەواتە زۆر پێویستە بۆتاکی موسوڵمان کە خۆی بپارێزێت لەو جۆرە بڵاو کراوە خراپ و بێ نرخانە وەپێویستە ئەوەش بزانرێت کە شەیتان بەتە واوی دەستێکی باڵای هەیە لەڕازاندنەوەی شتەکانداو خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَيَسْخَرُونَ مِنَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ اتَّقَواْ فَوْقَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ﴾ (البقرة: 212) واتە : ژیانی دونیا بۆ بێ باوەڕان ڕازێنراوەتەوە، کە گاڵتە دەکەن بە باوەڕداران، بەڵام هەر پایەی ( پارێزگاران ) لە گوناه و تاوان بەرزترە لە ڕۆژی دوایدا.

## 5 – چاو لێ کەری و لاسایی کردنەوە .

ئەمەش هۆکارێکی تری ڕێخۆشکەری ( تێڕوانینی حەرام ) ە کەوا لە مرۆڤ دەکات، هەمیشە تامەزرۆی ئەو تاوانە بێت و لەلای خۆشەویست بێت، چونکە کەسی تاوانکار بە مومارەسە کردنی ئەو تاوانە تەواو دڵی ڕەش بووەو داپۆشراوە بەو نەخۆشیە دەروونیەی کە چارەسەری تەنها تەوبەو گەڕانەوەیە، هەر بەوەش ئەم جۆرە تاوانە لە دەروونێکی نەخۆش و لاوازەوە دێت، جا کاتێك کەسی خۆپارێز لە

تاوانی نظر هەست دەکات کەسی بەرامبەری سەرگرمی ئەو تاوانەیـە و هەرخە ریکی تێرکردنی ئارەزووەکـانێتی بەشـێوەیەکی کـاتی ئـەمیش وای لیّ دێت بەلاسایی کردنەوەو شوێن پێی ئـەو کەسـە خـۆی بخاتـە نێو ئەو تاوانەوەو ئـەنجامی بـدات، بەڕاسـتی نابێـت مرۆڤـی بـاوەڕدار هێند ساویلکەو خۆش باوەڕبێت کە بەڵکو دەبێت خاوەن ئیرادەی بـە هێزو بەرزو پیرۆزبێت .

## چەند ڕێگە چارەیەك بۆخۆپاراستن لە( ڕوانینی حەرام ).

خۆپاراستن لە ڕوانینی حەرام سەرەڕای ئـەوەی جـێ بـە جـێ کردنـی فەرمانی خوای میهرەبانە لەهەمان کاتدا دەبێتـە هـۆی لێخۆشـبوونی خوایی بۆ بەندەکەی، بێگومان ئـەم خۆپاراسـتنەش تـەنها لـە ترسـی خوایەو بەس، چونکە ئەگەر بەندە ئارەزووی بکات ئەوا هـیچ ڕێگرێـك وبەربەستێك سەرەڕای توانای کردنـی تاوانەکـەو ئاسـانی بـۆی، بۆیـە ئێستاش بەیارمەتی خواچـەندڕێگە چارەیەك بـاس دەکـەین بـەهیوای سوود بەخشین بەهەموولایەك:

### یەکەم:- هاوسەرگرتن

هاوسەرگیری سوننەتێکی خواییـەو هۆکـاری بەختەوەریشـە بـۆمرۆڤ ، چارەسەرێکی هەمەلایەنەشە بۆزۆرێـك لەمەسـەلەکان، بۆیـە هـەر بـەم

پەیوەندیەش بەختەوەری خێزان و پتەوی نێوان ئەندامە کانی کۆمەڵگە بەهێز دێتە دی، هەروەها دەبێتە هۆی دامەزراوی و جێگیری دڵەکان ، هەربۆیەش قەڵایەکی بەهێزە لەتاوان، بەوەش کەئەم پرۆسەی هاوسەرگیریە لەدینی خوادا گرنگی تایبەتی پێدراوەو چەکێکی زۆر بەهێزیشە بۆبەرەگاربونەوەی شەیتان، هەربۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:( يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء)[1] .واتە: ئەی کۆمەڵی لاوان هەرکەسێك لەئێوە توانای (جەستەیی و ماددی ) هەیە با هاوسەرگیری بکات چونکە ئەمە هۆکارە بۆ پاراستنی چاو لەتاوان و وەپارێزگاری داوێنیشە لە کاری خراپ و بەد ڕەوشتی هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت :( النكاح من سنتي فمن لم يعمل بسنتي فليس مني وتزوجوا...)[2] واتە: ژن هێنان لەسوننەتی منە،جاهەرکەسێك کار بە سوننەتی من نەکات ئەوە لە من نیە، کەواتە ژن بهێنن .هەروەها جگە لەوەی کە هاوسەرگیری ڕێگەچارەیە بۆخۆپاراستن لە تێڕوانینی حەرام وەدەشبێتە هۆی چەند سودێك لەوانە :-

---

(1) رواه البخاري (1905) و مسلم (3384).

(2) بڕوانە: سلسلة الصحيحة (2383) .

1–زۆربوونی منداڵ، چونکە مەبەست لێی مانەوەی ڕەگەزە، ئەویش سودی

2– بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای گەورەی تێدایە بە کۆشش کردن بۆی .

3– بەدەست هێنانی خۆشەویستی پێغەمبەری خواﷺ لە شانازی کردن بەزۆری موسوڵمانانەوە .

4– سوودوەرگرتن لە نزای ڕۆڵەی چاك و بەدەست هێنان شەفاعەتی مردنی منداڵی بچووك.

5– خۆپاراستن لە شەیتان بەتێرکردنی ئارەزوو بەڕێگەی حەلاڵ .

6– خۆشی دان بەدەروون بە تێکەلاوی کردنی ماڵ و منداڵ.

7– خەریك نەبوون ئیش و کارو پێویستی ناومال وەك دروست کردنی خواردن و خواردنەوەو جل شۆرین و گسك دان و....هتد .

8–ڕاهێنانی نەفسە لە گەڵ پەروەردەکردن و سەرپەرشتی کردن و جێ بەجێ کردنی مافەکانی کەس وکارو ئارام گرتن بەسەر ڕەوشت و سروشتیان.

9– وەخۆگرتنیشە لەبەرامبەر ئازاریان و کۆشش کردن بۆچاك کردنیان و ڕێ پیشاندانیان بۆڕێگەی ئاین.

10–وەکۆشش کردن بۆبەدەست هێنانی ڕۆزی حەلاڵ بۆیان .

هەروەها پێغەمبەری خـواﷺ دەفـەرموێت:( إذا أتاكم من ترضون خلقه و دينه فزوجوه إن لا تفعلوا تكن فتنة في الأرض و فساد عريض)(1) واتە: ئەگەر کەسێك هات بۆلاتان و داوای کچی لێ کردن وە ئێوەش لە ئاین و ڕەوشتی ڕازی بوون، ئەوە بیدەنێ، وەئەگەر وانەکەن دەبێتـە هـۆی فیتنـە لەسـەر زەویـداو خراپەیـەکی گـەورە دێتـە کایـەوە، بۆیـە ئـەم فەرمودەیـە ڕێگەیـەکی زۆر گەورەیـە بۆئەوەی کە پێویستە لەسەر خاوەن ئافرەت(ولي الامر)کەکچەکەی یان خوشکەکەی بدات بە کەسێك کەئەم دوو مەرجەی تێدابێت.

أ/لەئاینی ڕازی بێت،واتە لەبەرنامەو مەنهەجیدا ڕێگەی ڕاستی گرتبێ .

ب/خاوەن خوو ڕەوشتێکی بەرزو جوان بێت واتە موسوڵمانێکی خواناس بێت

### دووەم:- بەڕۆژووبوون

لەوانەیە بە بیرتدا بێ یان بیـانوی ئـەوە بهێنیتـەوە کـە توانـای ژن هێنـان یـان شـوکردنم نیـە، بـەڵام بـاش بزانـە کـەخوای گـەورە بەخششـێکی تـری بـۆمرۆڤ دانـاوە کەبەڕاسـتی ڕوخێنـەری هـەواو ئارەزووە کانە، هۆکاری پتەوکردنی نێوان مرۆڤ و خوای میهرەبانە،

---

(1) بِروانة: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (270) و (السلسلة الصحيحة (1022).

ئەویش بەڕۆژووبونە، بۆیە گەر وتمان گرفتی لایەنی ( ماددی یان جەستەیی ) هاتە پێش ئەوە باشترین ڕێگە چارە بەڕۆژووبونە، هەربۆیە پێغەمبەری خواﷺ ڕۆژوی بەپارێزگاری داناوە، هەروەك دەفەرموێت:( ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء)[1] واتە: ئەگەر توانای ژن هێنانتان نەبوو، ئەوا بەڕۆژووبن، چونکە بە ڕاستی ڕۆژووگرتن هۆکارێکی گرنگە بۆ پارێزگاری و سەرکوت کردنی ئارەزووەکان، کەواتە بە ڕۆژووبون جگە لەوەی قەڵغانیشە دەبێتە هۆی پەیدابونی لایەنی ڕوحی و سنوربەندکردنی غەریزە جەستەیی و بەوپێیەی کە مرۆڤ برسی بوو بێگومان لایەنی ئارەزوو شەهوەتی دادەبەزێت و تەنهابیرکردنەوەی لای خواپەرستی وگەیشتنە بەخۆشترین کاتی ئیمانی و ڕوحی کە ڕۆژووشکاندنە .هەروەها پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت:( الصيام جنة من النار)[2] واتە: ڕۆژوو قەڵغانە لەئاگری دۆزەخ و پارێزگاریشە لێی بۆیە گەر بەتەنها چەند ڕۆژێکیش لە مانگێکدا هەڵبژێری و تیایدا

(1) رواه البخاري (1905) ومسلم (3384).
(2)بڕوانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (3878).

بـەڕۆژووبیت کافیـە وهـۆکرێکی گرنگیشـە بـۆ ڕاهـاتنی دەروون وەسەرەڕای پاداشتی خوای گەورەش لە دواڕۆژدا.

**سێ یەم:- دوورکەوتنەوە لە ئەندیشەو بیرکردنەوەی خراپ .**

زۆری بیرکردنەوەو ئەندیشەی خراپ، ترسناکە بۆوروژاندنی غەریزە جنسیە کان و ڕێگای خەفەکردنی ئەو غەریزانە هەربۆیـە وا لـەمرۆڤ دەکات کە بەردەوام ئارەزووەکانی بەرەڵابکاتشوێن هەواو هەوەس بکەوێت، کە ئەمەش گەورەترین فێڵی شەیتانە، بۆیـە بـەردەوام هەوڵ بدە کە خـۆت سـەرقاڵ بکـەیت بـە شـتی بـاش و تێکـەڵاوی کەسـانی بـاش بکـەیت و هۆکارەکـانی بیرکردنـەوە لـە مێشـکتدا بسڕیتەوە ، هەروەها هەوڵ بدە بیر لە دروست کـراوە کـانی خـوای گەورە بکەیتەوە بە بیرکرنەوەت لە قورئانی پیرۆزو دروست بـوونی لاشەی خۆت و ئاسمان و زەوی وهتد...

هەر بـەوەش نابێـت ڕێگـە بـدەی بـەو ئەندیشـانەی کەلـەنێو دڵتـدا هێلانـەو چـەکەرە بکـات وەپێویسـتە ئیهمـالی بکـەیت ، هەربۆیـە خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَواْ إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ ﴾ (الاعراف/ 201) واتـە: بەڕاسـتی ئەوانـەی خوانـاس و پارێزگـاربوون کاتێـك بیرکردنـەوەو خـەیاڵ و

وەسوەسەی شەیتان زاڵبوو بەسەریاندا هەستیان پێکرد ، یەکسەر یادی خوا دەکەن و خوایان بەبیر دێتەوە بەو یادکردنەوەیە چاو ڕۆشن دەبێت، هەروەها ئیمامی ابن القيم (ڕەحمەتی خوای لێبێت ) دەفەرموێت:( خەتەرەو خەیاڵ سەری هەموو کاریکی خەیرو شەرە، چونکە لێرەوە خواستەکانی مرۆڤ دەست پێدەکات، بۆیە پێویستە کەمرۆڤ بە بە ردەوامی چاودێری لەسەر دڵ و دەرونی دانیێ، تاکو بتوانێت بەسەر ئەو ویست و کارە نادروستانەدا زاڵبێت، وەدەبێت ئەوەش بزانین کە بیرکردنەوەو خەیاڵ ئەوەندە مەوداکەی بێسنوورە ئەگەر ئاگادار نەبیت ڕووەو ڕەوشتی زۆر خراپت دەبات )(1).

## چوارەم:- پاراستنی داوێن پاکی

گومانی تێدانیە کە پاراستنی داوێن پاکی و دوورکەوتنەوە لە حەرام و جڵە وگیری لە هەواو ئارەزوو هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕزگاربوون لە تاوانی( تێڕوانینی حەرام ) هەروەك لەپێناسەی داوێن پاکیدا هاتووە ( وازهێنانە لە هەرشتێك کە قەدەغەو ناشرین

---

(1) بڕوانة: الداء والدواء (274 ).

بێت، وەداوێگرتنە لە تەماح و شتی بێ نرخ و قێزەون ) جابۆیە داوێن پاکی بۆمرۆڤ چ پیاو بێت یان ئافرەت، خو ڕەوشتێکی زۆربەرزو پیرۆزەو نیشانەی باوەڕداریە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّى يُغْنِيَهُمْ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ...﴾ (النور: 33) واتە: ئەوانەی کەتوانای هاوسەرگرتنیان نیە باهەردوولایەنی (ماددی وجنسیەوە ) باخۆیا داوێن پاك ڕابگرن تائەوکاتەی خوای گەورە بەبەهرەو چاکەی خۆی وڕۆزی خۆی دەوڵەمەندو بێ نیازیان دەکات، هەر بۆیەهەرکا ت هەستت کرد بە شتێك کە کاریگەری هەیە لەسەرت وەبەرەو ئەو تاوانە قێزەونە دەتبات یەکسەر هەولبدە خۆت بپارێزی ویادی خوابکەو بیر لە سزاکەی بکەوەو ئەو مژدەیەش بهێنە بیری خۆت کە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت:( خۆشەویست أبي هريرة(τ) ئەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ( سبعة يظلهم الله تعالى في ظله يوم لا ظل إلا ظله ... ورجل دعته امراة ذات منصب وجمال فقال: اني اخاف الله رب العالمين )[1]) واتە: حەوت کۆمەڵ هەن

---

(1) رواه البخاري (6479) ومسلم (2377) .

کەخوای میهرەبان لەڕۆژی دوایدا لە گەرم ترین و ناخۆشترین کاتی لێپرسینەوەدا دەیانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە، لەڕۆژێکدا کەهیچ سایەو سێبەرێك نیە جگە لە سێبەری عـەرش پیاوێکـە یـان ئافرەتێ بێ جیـاوازی کـە ئەگـەر بەرامبەرەکـەی داوای لـێ بکـات بۆکارێکی داوێن پیسی لەکاتێکدا کە جوانتریە ئافرەت یان پیاوبێت وەخاوەنی پلەو پایەیەکی گەورەو بەرزو دەوڵەمەندیش بێت، بەڵام ئەم لەوەڵامدا بڵێ: من لە خوای گەورەو میهرەبان دەترسم.

هەروەها ئیمامی الشافعي ( ڕەحمەتی خوای لێبێ ) دەفەرموێت:

عفواتعفوانساءكم في المحرم وتجنبوا ما لايليق بمسلم

ان الزنا دين اذا اقرضته كان الوفاء من اهل بيتك فاعلم

واتـە / خۆتـان پـاك داوێـن ڕابگـرن، چـونکە بـەوە ئافرەتـەکانتان لەحـەرام پـارێزراو دەبـن وە دوریـش بکەونـەوە لـەو شـتانەی کـە شایسـتەی موسـوڵمان نیـە، وەبشـزانن زینـاکردن و داوێـن پیسـی قەرزەو هەر دەبێ بدرێتەوە، بۆیە دانەوەی ئەو قـەرزەش لەکـەس وکارو نزیکەکانت دەدرێتەوە.

### پێنجەم:- ئـارام گرتن

ئارام گرتن پلەیەکی بەرزو بەڕێزە ، بۆتـاکی موسـوڵمان کەلـەکاتی بەرەنگاربونەوەی هەواوئارەزوودا بیکتە قەڵغانی خۆی بـەوەی کـە موسوڵمان پێویستە سوور بێت لەسـەر جێبـەجێ کردنـی فـەرمانی خوایی و دوریش بکەوێتـەوە لـە قەدەغـەکراوەکان، وەدان بـەخۆدا گرتن و ئارام گرتن بکاتە سەر مەشقی ژیانی خـۆیی و دونیـای پـێ بڕازێنێتەوە هەربۆیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لەسـەر پیـاو چاك وخواناس لوقمان (سەلامی خوای لێبێت ) نمونە دەهێنێتـەوە کە بـە کوڕەکـەی فـەرمووە :﴿ يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُور ﴾(لقمان: 17) واتە: ئەی کـوڕی خۆشەویسـتم نوێـژەکانت بکـەو، فـەرمان بـە چـاکەو قەدەغـە کردنـی خراپـەش بکـە، هـەر وەهـا خۆڕاگرو ئارام بە لەسەر ئەو بەلاو ناخۆشیانەی کە بەسـەرتدادێت، چـونکە ئـەم نیشـانانە لەشـاکاری مرۆڤـی بـاوەڕدارە، هەربۆیـە بەڕاسـتی ئـارام گـرتن لـە ڕۆژگـاری ئـەمڕۆی پـڕ فیتنـەو ئاشـوب و ئافرەتی سفورو کاری خراپدا شتێکی ناخۆش و گرانە لەسەر شانی

موسوڵمان، بەلأم دەبێت ئەوە بزانین کە( الصبر ضياء)[1] واتە: ئارام گرتن ڕۆشناییە ، هەربۆیە زانایان ڕەحمەتی خوایان لێبێت لە لێکدانەوەی ئەم فەرموودەیەداو وشەی (( ضياء )) دەفەرمون :( وشەی چیاو لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆشنایشی هەیە بەلأم گەرمیشی لەگەڵدایە بەوێنەی گەرمایی و ڕۆشنایی خۆر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئارام گرتن کارێکی هەر وا ئاسان و سانا نیە، بۆ هەڵگرانی ئەم دروشمە بەرزە ناخۆشی و بەلأی زۆریان دێتە ڕێ[2]

**شەشەم:- پەیوەست بوون بەشەرمەوە** .شەرم بۆمرۆڤی موسوڵمان جوانترین ڕەوشتە کە خۆی پێ برازێنێتەوەو پەیوەست بێت بەو ڕەوشتەوە، چونکە بەڕاستی شەرم ڕێگریەکی بەهێزە لە ڕزگاربوون لەتاوانی(تێڕوانینی حەرام ) هەربۆیە هەرکات شەرم و حەیا لەدەروونی مرۆڤدا کۆچی کردو نەما ئەوا هیچ هۆکارێکی تر ناتوانێت مرۆڤ لە سەرپێچی خوا بپارێزێت ، هەروەك پێغەمبەری

---

(1) رواة مسلم (533).

(2) بروانة: ڕێگای ڕاست ژمارە (5) (64).

خوا ﷺ دە فەرموێت: ( الحياء كله خير )[1] واتە/شـەرم و حـەیا هـەمووی هـەر خـەیرە .وە بۆیـە شـەرم کـردن دیاردەیەکـە کـە بەڕاستی ئێستا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بوونی نەماوە مەگەر تـەنها لای ئەوانـە نـەبێت کـە خـوای گـەورە ڕەحمـی پـێ کـردوون ،هەروەهاپەیوەندیـە کۆمەلأیەتیـەکانیش لێـك تـرازاون و ڕێـزی ئافرەت لای پیاوو بەپێچەوانەشەوە پیاو لای ئافرەت وە باوك لای منداڵ وماموٚستالای قوتابی و هتد... نەماوە .هەر بۆیە پێغەمبەری خـواﷺ دەفـەرموێت:(اذا لم تستحي فاصنع ماشئت)[2] واتـە : ئەگـەر شـەرم و حـەیات نـەبوو ئـەوا چـی دەکـەی بیکـە، هەربۆیـە ئیمامی (ابن القيم) ( رحمه الله) دەفەرموێت: (هەرکەسێك شەرم لە خوابکات لەکاتی سەرپێچی و تاواندا ئـەوا خـوای گـەورەش شـەرم دەکات ئەو بەندەیەی سزابدات، بـەلأم ئـەو کەسەشی کەلـەکاتی

(1) رواه مسلم (155).
(2) رواه البخاري(3483).

سەرپێچی و تاوانداشەرم ناکات ئەوا خوای گەورەش شـەرم ناکـات لە سزادانی ئەو بەندە تاوان بارەدا )(1).

## لەشوێنەوارەکانی گوناه و تـاوان:

ئەگـەر هـاتوو تـوّی موسـولّمان بـەردەوام بوویـت لەسـەر تـاوان و گوناه، ئەوا باش بزانە کەپاش ماوەیەکی کورت و کـەم ئـەو تاوانـە بە شتێکی ئاسـانی دەزانـی، وەبـەردەوام لـەکردارەکانی ڕۆژانەتـدا دووبارە دەبنەوە، بۆیە ئەم بەردەوام بوونەشە کە وات لێدەکات لە دوایداو پاش ئەو ماوەیە ئەو تاوانە بە خراپ نەزانی و هەسـتی پـێ نەکـەی، جـا لێـرەوە پێویسـتە ئـەوە بزانرێـت کەتەماشـاکردنی حەرامیش تاوان و گوناهە، هەروەها سزاو تۆڵەی خـوایی لەسـەرە، بۆیە ئەو تاوانەی کە هەر تاکێك ئەنجامی دەدات، گومانی تێدا نیـە

---

(1) برِوانة: الداء والدواء (33).

وەك هەرخۆشــی و چـێژێك زوو بەســەر دەچـێت ولەبیردەچـێتەوە وەئەوەی کە دەشمێنێتەوە تەنها شوێنەوارە خراپەکانە لەسەر دڵ و دەروون، هــەروەك ئیمــامی (ابن القیم) ( ڕەحمــەتی خــوای لێبێــت ) لــەکتێبی (الداء والدواء) دا چــەند شــوێنەوارێکی دەســت نیشــان کردووە لەوانە :

**یەکەم:** گوناه و تاوان وا لەمرۆڤ دەکات بەتەواوی بێ بـەش بێـت لەوەرگرتنی زانست و زانیاری، چـونکە زانسـت و زانیـاری ڕونـاکین کـەخوای گـەورە ئاراسـتەی دڵـەکانی دەکـات، بۆیـە ئـەنجام دانـی تاوانیش ئەو ڕوناکیە ناهێڵێت و تاریکی دەکات .

**دووەم:** دەبێتە هۆی بێبەش بوون و کەمی ڕزق و ڕۆزی لە دونیـادا چونکە تاوان دژی تەقوایە.

**سێ یەم:** ئەنجام دانـی تـاوان تـەنها هەسـت کردنـە بـە تـەنهایی و نادیارو وون بوون، هـەروەك دڵێـك کـە لـە خـوا دووربێـت هەمیشـە هەست بە تەنهایی دەکات، ئەمەیش والەکەسـی تـاوان بـار دەکـات کە بەردەوام بیر لەو تاوانەی بکاتەوەئارەزووی دورە پەرێزی بکات

**چوارەم:** هەست کردن بە گۆشە گیری ودووربوون لە خەڵکی، بۆیە تاوان وا لەو کەسە دەکات کە بەهیچ شێوەیەك ئارەزووی شوێن ودانیشتنە قەرەباڵغەکان نەکات، ئەمەش کەهۆکارەبۆنزیك بونەوە لە کۆمەڵی شەیتان و دووركەوتنەوە لە کۆمەڵی خوا، تا وای لێ دێت تەنانەت ئارەزووی ناو خێزان و کەس وکاریشی نامێنێ .

**پێنجەم:** هەموو کارو کردەوەیەکی بەلاوە گران دەبێت، بەوەی کە لە دڵی خۆیدا وا بڕیار دەدات کە هەموو دەرگاو ڕێگاکانی لێ داخراوە، بەردەوام لەش قورس و گران دەبینرێت .

**شەشەم:** تاریکی و خامۆشی بەسەر دڵیدا دێت و بەهەموو شێوەیەك لە بیر کردەوە کانیدا حەساسیەت دای دەگرێت و سستی و لاوازی پێوە دیارە، بەوەش بەرامبەر هەواو ئارەزووەکان خۆی پێ ناگیرێت.

**حەوتەم:** دەبێتە هۆی شیرین بوون و جوان بوونی تاوان لەبەر چاوی ،ئەوەشە وای لێ دەکات کە بەردەوام بەو زۆنگاوی تاوانەوە خۆی هەڵبکێشێت و وەك چاکەیەکی خۆی باسی دەکات.

**هەشتەم:** دەبێتە هۆی بێ بەش بوون لە گوێ ڕایەڵی خوای گەورە ومیهرەبـــان، کـــە ئەمـــەش وادەکـــات لـــە فەرمانـــەکانی خـــوا دووربکەوێتـــەوە و بـــەگوێی شـــەیتان بکـــات و شـــوێن هـــەواو ئارەزووەکان بکەوێت.

**نۆیـــەم:** گونـــاه و تـــاوان دەبێتـــە هـــۆی کـــورتی تەمـــەن و بردنـــی بەرەکەت، هەروەك چۆن خۆپارێزی لەتاوان و خراپە دەبێتـە هـۆی زیاد بوونی تەمەن و خۆشحاڵ بوون بقەو ماوە تەمەنەی کەماوە.

**دەیـــەم:** دەبێتـــە هـــۆی لاوازبـــوونی دڵ و دەروون، بـــەوەی کـــە دەبینرێت، کەسی تاوان کاربەردەوام ڕازی نیە بەو بەشـەی خـوای گەورە کە پێی بەخشیوە، هەروەها بێ ئومێدیشە لەڕەحمەتی خوا

**یانزەیـــەم:** دەبێتـــە هـــۆی لەناوچـــوونی کۆمەڵگـــەو دارمـــانی، ئەمەسەرەڕای ئەوەی کـە تـاوان میراتـی گـەلانی پێشـووبووەوهەر دەرەنجـامی تـــاوانیش بـــووە کـــە ئـــەو گەلانـــەی پێشـــووی پـــێ لەناوچوون سزای خواش نەگۆڕەو بەردەوامە ( پەنا بەخوا ) .

**دوانزەیەم:** دەبێتەهۆی نەمانی ڕێزو پلـەو پایـەی بەنـدە هـەم لای خوای گەورەو هەمیش لای بەندەکانی خوا، واتـە هەمیشـە کەسـی تاوان بار ڕیسوایەوبێ ڕێزو سوك تەماشا دەکرێت.

**سیانزەیەم:** گوناه و تاوان دەبێتە هۆی لە کارکـەوتنی ژیـری(عقل) و نەمانی ڕوناکی و ڕۆشنایی لەسـەر دەم و چـاوی، وەك زۆرجـاران دەبینرێـت کەسـی تاوانکـار ڕەش دادەگیرسـێت و کـورد واتـەنی (دەڵێی ڕەنگی جولەکەی لێ نیشتووە ).

**چواردەیەم:** دەبێتە هۆی مۆر (ختم) دان لەسەر دڵ و بەرەو پێـڕی بێ ئاگایی دەچێت و ئیتر دڵی ئارەزووی شتی چـاك و بـاش ناکـات ،بەردەوام ئارەزووی شتە پیس و چەپەڵەکان دەکات .

**پانزەیـەم:** دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بـەر نـەفرەتی خـواو پێغـەمبری خواﷺبکەوێت، هەروەك لەزۆر فـەرموودەدا نـەفرە لـە زۆر تـاوان کراوە وەك( سووخواردن و مەی خواردنەوە و خاڵ کوتین وهتد...)

**شانزەیەم:** دەبێتە هۆی بێ بەش بوون لـە پاڕانـەوەی پێغەمبـەری خواﷺومەلائیکەکان، چونکە پاڕانەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ بـــاوەڕدارانی پاکـــە لـــە ڕۆژی دوایـــدا کـــە داوای لێخۆشـــبوون بۆباوەڕداران دەکات.

**حەڤدەیەم:** دەبێتە هۆی ڕۆچوونی زەوی و زۆربـوونی بومەلـەرزەو لـەناو چـوونی گـەلان (هـەروەك نمونـەی زینـدوی ئیسـتا لـەم سەردەمەدا کەدەبیستین بەگوڕی ئەوەندەو ەئەوەنـدە بومەلـەرزە لە فلاَن شوێنی دا) کە ئەمـەش بێگومـان تـەنها بـەهۆی زۆربـوونی تاوانەوەیە .

**هەژدەیەم:** دەبێتە هۆی نەمانی غیرەت و پیاوەتـی و خـەمخۆری و جگەرسـۆزی ، کـەخوای گـەورە بۆهـەموو کەسـێك بەشـی خـۆی غیرەتی پێداوەو، هەرکات تـاوانی ئـەنجام دا ئـەو غیرەتـە نـامێنیٚ وبـاردەکات.

**نۆزدەیــەم:** دەبێتــە هــۆی نــەمانی شــەرم لەمرۆڤدابــە هــەردوو ڕەگەزەوە (ئافرەت بێت یان پیاو )چونکە شـەرم لەمرۆڤـدا مایـەی سەربەرزی و چاکیە و پادشتی خوایی لەسەرە.

**بیستەم:** دەبیتە هۆی دەرچوونی بەنـدە لـە بازنـەی ( الاحسان ) ،وەبێبەش دەبێت لە پاداشتی چاکەکاران ،چونکە هەرگیز تاوانکار بە چاکەکار نەژمێردراوە.

# گولبژێرێك لە فەتوای زانایانی پێشین و هاوچەرخ دەربارەی تێڕوانینی حەرام

خوای گەورە و پێغەمبەری خـوا ﷺ ئاگاداریـان کردوینەتـەوە لـە پێچەوانە جولاّنـەوەی شـەرعی خـوا، وە هـەروەها قەدەغـەی ئـەو شتانەشـیان لـێ کـردوین، کەدەبنـە مایـەی ریسـوایی وسەرشـۆڕی خۆمـان لـە دونیـاو دواڕۆژدا، تـاکو هـەر لـەم دونیـا لێیـان دوور بکەوینەوە ، وەك خوای گەورە خۆی دەفەرموێت :﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾(النور:63)

واتە: با ئاگادار بن ئەوانەی کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ دەجولێنەوە، بترسن لەوەی کە تووشی فیتنە ببن یا تووشی سزایەکی بە ئێش و ئازار بن، جا لێرەوە دەچینە خزمەتی چەند زانایەکی بەڕێز( ڕەحمەتی خوایان لێبێت ) ئەوانەی کە جێنشینی پێغەمبەرانن، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە تاوانی (( تێڕوانینی حەرام )) بفەرموون :

***پرسیار کرا لە (شیخ الإسلام ابن تیمیە) ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) دەربارەی حوکمی خۆدەرخستنی ئافرەت لەبەردەم پیاوی بێگانە دا یان خۆدەرخستنی لای ئافرەتی هاو ڕەگەزی ؟**

**وەڵام:** شێخ فەرمووی سوپاس بۆخوا، دروست نیە ئافرەت لاشەی خۆی بەدەربخات، یان بڕوانێتە پیاوی بێگانە، یاخود بە پێچەوانەوە پیاو بڕوانێتە ئافرەتی بێگانە، یان ئافرەت بڕوانێتە لاشەی ئافرەت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (لاینظرالرجل إلى عورة الرجل ولا المرأة إلى عورة المرأة)[1] واتە : با

---

(1) رواه مسلم (766).

هـیچ پیاوێـك نەڕوانێتـە عـەورەتی پیـاوی بەرامبـەری و، وەهـیچ ئافرەتێك نەڕوانێتە عەورەتی ئـافرەتی بەرامبـەری، ( چـونکە لـەو کاتەدا هەواو ئارەزوو زاڵ دەبێت بە سەر مرۆڤدا و شتی نابە جێـی پـێ دەکات )[1]

*** پرسیار کرا لە شیخ ( عبد العزیز بن باز ) ( ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت )**
**دەربارەی ئەو ئافرەتەی کە سەفەر دەکات بۆ دەرەوەی وڵات بە سفوری و بەبێ حجاب ؟**

**وەڵام**: شێخ فەرموی پێویستە لەسەر ئافرەتی موسوڵمان کە خۆی پۆشتە بکات و لاشەی بەدەر نەخات لەبەر چاوی بێگانە، هەروەها پێویسـتە دەم و چاویشـی بپۆشـێت، چـونکە ئـەوە ناونیشـانە بۆئافرەت، هەروەك خوای گەورە دەفـەرموێت :﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا

---

(1) بروانة: (فتاوى النساء لابن تيمية) (40).

لِبُعُولَتِهِنَّ ﴾ (النور: 31) بۆیە دروست نیە بۆئەو ئافرەتەی کە بڕوای بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە کار ئاسانی بکات بۆ فیتنەو ئاشوب سەرەڕای بێ فەرمانی خواو پێغەمبەری خواﷺ(1).

***پرسیار کرا لە شێخ ( محمد بن صالح العثيمين ) ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) سەبارەت بە دەرخستنی دەست و قۆڵی ئافرەت لە بازارەکاندا ؟**

**وەڵام:** فەرمووی سوپاس بۆخوا، پاشان گومانی تێدا نیە بە دەرخستنی دەست و قۆڵ لەلایەن ئافرەتانەوە لە بازاڕو شوێنە گشتیەکان کارێکی نادروستەو دوورە لە ڕەوشتی موسوڵمان، هەروەها هۆکارێکیشە لە بۆ بڵاوبوونەوەی فیتنەو بەڵا، چجای ئەو ئافرەتانەی کە بازنگ و شتی جوانکاری لە دەست دەکەن، وە خۆشیان دەڕازێننەوە بە شێوەی زەمانی جاهیلی، بۆیە بە هیچ

---

(1) بڕوانە: الفتاوى لابن باز ( كتاب الدعوة (221/2) ).

جۆرێك بۆ ئافرەتان درووست نیە جوانیەكەیان بەدەربخەن، چونكە دەبێتە هۆی تاوانباربوونی خۆی و تاوانباربوونی كەسانی تر بەوەی كە تەماشاكردنی حەرام ڕوو دەدات(1)

*** پرسیاركرا لە شێخ (صالح بن فوزان الفوزان) ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) سەبارەت بە تێڕوانینی ئافرەتی بێگانە و بە پێچەوانەشەوە ؟**

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورەو میهرەبان، بەهیچ جۆرێك دروست نیە بۆ ئەو جۆرە پیاوانەی كە دەڕواننە ئافرەتی بێگانەو هەواو ئارەزووەكانیان بەو شتە پیس و بێزراوە تێر دەكەن، یان ئەو ئافرەتانەی كە دەڕواننە پیاوی بێگانەو بە غەمزەی چاو یان بە پێكەنین و قسە كردن تەمەن دەبەنە سەر، بەوەش پێویستە ئافرەتی موسوڵمان هەمیشە خاوەن شەرم و حەیای خۆی بێت و ڕەگەزی مێینەیەی خۆی بپارێزێت، ئەوەش باشترە بۆیان(2).

---

(1) بڕوانە: فتاوى حجاب المرأة المسلمة (79).

(2) بڕوانە: فتاوى حجاب المرأة المسلمة ( 79).

# مشتێك لە خەرمانێك لە دووچیرۆكی ڕاستەقینەدا

## 1- گەشتی میلێك ڕێ بە هەنگاوێك دەست پێ دەكات.

ئافرەتێـك بەسـەرهاتی خـۆی دەگێڕێتـەوەو دەڵێـت: مـن كچـێكم تەمەنم 29ساڵە و لەیەكێك لە زانكۆكان دەخوێنم، بۆیە هەر لـەوێ كوڕێكم بینی و زۆر سـەرنجی ڕاكێشـام چـەند جارێـك لەیـەكترمان ڕوانی و پاشـان یـەكترمان ناسـی وبـارو دۆخەكـەش زۆر لـەبار بـوو ،بۆئەوەی پێكەوەبین، سـەرەڕای ئـەوەی كـە لـە ولاّتـی خۆشمـان نەبووین ، ئیتر ئـەوەبوو لـە چاوپێكەوتنی یەكەمـدا ڕێـك كـەوتین، هەروەها بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار پەیوەندی نێوانمان پتەو تربوو، بەو جۆرەی كە بۆتەنها ساتێكیش لەیـەك جیانەبینـەوە، بـەم شـێوەیە

یەکتربینین و ئاڵ و گۆڕی نامە بەردەوام بوو تاماوەیەك ... بەلاَم پاش تەواو بوونی خوێندن ئیتر بڕیارماندا هەریەکەمان بگەڕێینەوە ولاَتی خۆمان بەلاَم پەیوەندیەکانمان هەربەردەوام بێت، بۆیە پاش چەند ڕۆژێك بە تەلەفۆن پەیوەندیمان بەردەوام بوو، هەر بۆیە کوڕە بەڵێنی ئەوەی پێدام کە بێتە داوام و بەڵکو بمگوازێتەوە بەمەرجێك ئەگەر کارێك بدۆزێتەوە لە ناو ولاَتەکەی مندا، ئەوەبوو پاش ماوەیەك کاری دۆزیەوەو چووە سەرکار، بۆیە منیش وەك هەر جارێك لەجارەکانی تر بە ووتە باق وبریقەکانی تێکەوتم و هەڵخەلاَتام وچاوەڕوانیم دەکرد، سەرەڕای دەست کەوتنی هەلی زێڕینی زۆر بۆ درووست کردنی ژیانی هاوسەری نوێم، چەندین کەس هاتە داوام تا شووبکەم، بەلاَم من هەر بەخەیاڵی ئەو بووم، جا ئەوەبوو ڕۆژێکیان بە تەلە فۆن پەیوەندی پێوە کردم ... منیش بەڕاستی لەو کاتەدا زۆر خۆشحاڵ بووم، هەرچەند نهێنی زۆری ژیانی من لەبەر دەستیدا بوو بۆیە لەپەیوەندیەکەیدا ئەوەی ووت: کەدێمە داوات، منیش هەڵەیەکی ترم ئەوەبوو کە ئەم نهێنیەشم لای دایك وباوکم باس نەکردبوو، وەزۆریش دەترسام بەلاَم تازە دەبوو هەر باسی بکەم و ئەوەبوو

نهێنیەکـەم درکانـد و ووتم کـە فلانـە کـوڕ دێتـە داوام، جـا لێـرەدا باوکیشم پرسیاری ئەوەی لێ کردم کـە ئـەو کـوڕە کـێ یـەو چـۆن ناسیوتە؟ یان ئەی لەگەڵ کێدا دێتە ماڵمان و خوازبێنیت دەکـات، بۆیە منیش لەوێدا بێ دەنگ بووم ... پاش ئەم گفتوگۆیە یەکسـەر چووم پەیوەندیم کرد بە کوڕەوەو ئەو هەواڵەم پێدا کەچۆن لەگەڵ کێدا دێتـە خـووازبێنی؟ بـەڵام ئـەو لـە پـڕ دەنگـی گـۆڕاو یەکسـەر هەستم بەشتێك کـرد، ئـەویش وەڵامـی دامـەوەو ووتـی: مـن تـەنها خۆم دیم، نەك بۆخوازبێنی نا بـەڵکو وەك جارەکـانی تـر بـۆ کـارە نهێنیـەکان و گفتوگۆکانمـان، ئـیتر تەلەفۆنەکـەی داخسـت و پـاش چەند کاتژمێرێك گەیشتەلام و ئەوەبوو وەك هـەموو جارەکـانی تـر ئـارەزووە سەرشـێتانەکەی بـەمن دامرکانـدەوەو پاشـان گەڕایـەوە شوێنی خۆی، بـەڵام بۆکـوێ نـەك بۆسـەر کارەکـەی نـا بـەڵکو بـۆ وڵاتەکەی خۆی بەوەی کە هەموو گیانی درۆ بوو منـیش درۆم کـرد تەنانەت لەگەڵ خودی خۆشم لەگەڵ دایکـم بـاوکم ... لەبـەر ئـەوە پاش ماوەیەك بەردەوام پەیوەندی پێوەکردم تەنها لەبەر ئابڕووم، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە ئەو هەمیشە خۆی دەدزیەوە ... تاکو ئـەوەبوو جارێکیـان پەیوەنـدیم پێـوەکردوو زۆری لـێ پاڕامـەوە و

داوای ڕوون کردنەوەم لێکرد، ئەویش لەوەڵامدا ووتی: من ئێستا تۆم خۆش ناوێت، بۆیە دەمەوێ هەر لە ئێستاوە پەیوەندیەکەمان کۆتایی پێ بێت!! جا کچەی داماوو هەڵخەڵەتاو دەڵێت: ڕاستیەکەی هەموو یەکتر بینین و ژووان و نامەوگفتوگۆکانی نێوانمان بەبەلاش، وە ئێستا من زانیم کەئێمەی کچانی هاوشێوەی خۆم چەندێك ساویلکەو بێ ئاگاین، بۆیە بە ئەندێشەو خەیاڵی خۆمەوە پەیوەست بووم بۆماوەی شەش ساڵ، ئیستاش چی وەڵامی دایك و باوکم بدەمەوە وە ئارەزووی هیچ کرێکم لە ژیاندا نەماوە(ت).

## 2- لە ڕوانینێکی حەرامەوە بەرەو توش بوون بە نە خۆشی ئایدز.

ئەم بەسەرهاتە ڕازی گەنجێکی بێ ئەزموونە، لەئان وساتی بێ ئاگایدایە و چۆن بۆتە نێچیری ئافرەتێکی بەد ڕەوشت، هەر

---

(1) بڕوانة: ( خەیاڵی خۆشەویستی ل12- 13 ).

وەك بەسەر هاتەكەی بەم شێوەیە گێڕایەوەو ووتی: ڕۆژێك لە بازاڕێكی بازرگانی شاری خوبەری ڕۆژهەلأتی سعودیەدا، لە قاوە خانەیـــەك دانیشـــتبووم بـــەدەم قاوەخواردنەوەڕۆژنامەشـــم دەخوێنـدەوە، لـەناكاو سـەرم بـەرز كـردەوەو ئـافرەتێكی بـەژن وبالأجوانم (بینی) ومنیش چاوم تـێ بـڕی تـاكو سـەرنجی ڕاكێشـام ...لە هەمان كاتدا ئەویش سەیرێكی كردم و منیش دلّم بـۆی فـڕی بۆیـە یەكسـەر هەسـتام و شـوێنی كـەوتم تـا بینـیم چـووە نـاو دوكانێكەوەو منیش چاوەڕێم كرد هەتا هاتە دەرەوە، جـا ئـەویش شتێكی لە دلّی خۆیدادانابوو ، چونكە هەر كە هاتـە دەرەوە ڕووی تێ كردم و بە دەستە ناسكەكانی ئیشارەتێكی بـۆكردم منـیش بـە بێ ترس چوومە لایەوە، ووتم :فەرموو، ئەویش ووتـی: ببـورە ئایـا دەتوانی ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنەكەتم بدەیتێ ...منیش ووتم: ئەی بۆ نا بەسەر چاوان هەر بەدەم بەشـێوەی زارەكـی ژمارەكـەم بۆخوێنـدەوەو ئـەویش تۆمـاری كـرد ... ئـیتر لێـك جیابوینـەوەو خواحافیزیمـان كـرد... پـاش ئـەوەی شـەو چـوومە سـەر جێگـای نوسـتن هــەر لــە خــەیالّیی ئــەم ئافرەتــەدابووم و دوای چــەند كاتــژمێرێك لــە چـاوەڕوانی زەنـگ لێیـدا و منـیش تەلەفۆنەكـەم

هـەڵگرت و ئـەوەی چاوەڕوانم دەکـرد ئـەوەبوو ...بۆیـە هـەر ئـەو شەوە تێر گفتوگۆی خۆمان کردوو نهێنی دڵـی خۆمـان بـۆ یـەکتری باس کـرد ،ئـیتر ئـەو ووتـی: مـن بازرگـانێکی گـەورەم و ئیسـتاش تەڵاق دراوم تەنها خـۆمم وە دەمـەوێت یـە کـتری ببیـنین هەنـدێك کاری خـۆم پێتـە ... جـا ئـەوەبوو ڕۆژێکیـان تەلـەفۆنی بـۆکردم و ووتـی: لە فلاّن چێشـتخانە بتبیـنم، کـارم پێتـە ئـەوەبوو لەهـەمان چێشـتخانە یـەکترمان بـینی و پـاش ئـەوەی جانتاکـەی دەرکـردو ڤیزایەکی پلە یەکی سەفەری قاهرەی پێدام و بـەناوی خۆشمـەوە دەری کردبـوو ... بۆیـە پـاش 3 ڕۆژ گەیشـتمە جێـی مەبەسـت ئەوجێگایـەی کـە بـۆی دیـاری کردبـووم کـە گوایـە بچـمە فـلاّن کۆمپانیاو لەوێ ئافرەتێکی لێیـە تـا کارەکـەت بـۆ ئاسـان بکـات و لەجیاتی من ئیمزات بۆ بکات جا ئەوە بوو پـاش چـەند کاتـژمێرێك گەیشتمە شوێنی مەبەست لەوێ چووم پرسیاری ئەو ئافرەتەم کرد کە ئەو ناونیشانی پێدابووم، بەلاّم چـیم بـینی، بینـیم هـەر هـەمان ئافرەتی هاوڕێمە کەئەو ناردمی، زۆرم پـێ سـەیر بـوو ووتم: باشـە ئەمە چیە؟ ووتی: نا هـیچ نیـە، بـەڵێ خـۆمم و کـارم پێتـە، بـەڵام ئەوە ژمارە ژووری فلاّنە ئوتێلەو برۆ لەوێ چاوەڕێم بکە، ئـەوەبوو

منیش چووم و چاوەڕیم کرد، تـا لـەناکاو دەرکـەوت و بـەجوانترین شێوە خۆی بـۆم ڕازانـدبووەوە، لـێم هاتـە پـێش و منـیش ئـەوەی مەبەستم بوو ئەم کارەبوو ئەنجامم داو ئارەزووی خۆم پێ تێرکردو کـاری داوێـن پیسـیم لـە گـەڵی ئـەنجام دا، بـەڵام ئـەو ئافرەتـە لەڕاستیدا ئەم کارەی بەمن بوو هیچی تر جا ئەوە بوو مۆڵەتەکـەی بۆمـاوەی 10 ڕۆژی تـر درێـژکردەوەو هەمیشـە بەیەکـەوە بـوین، تاکو ئەو ڕۆژەی بڕیارماندا بگەڕێینـەوە، بـۆ وڵاتـی خۆمـان و ئـیتر گەڕاینەوەو لێك جیا بوینەو......پاش ماوەیەك ئەوە ڕویدا کە مـن و براکـەم لەشـاری ریـاض تووشـی ڕوداوی سـەیارە بـوین و بـەو هۆیەوە براکەم دووچاری خـوێن بـەربوونێکی زۆر بـوو ... جائـەوە بوو خەڵکێکی زۆرمان لێ کۆبووەو براکەمان گەیاندە نەخۆشـخانە، خێرا داوای خوێنیان کرد منیش زۆر بەخۆشحاڵیەوە بەپەلە خـوێنم بەخشی و چونکە خوێنەکەم هـەمان خـوێنی براکـەم بـوو... بـەڵام لێرەوە چی ڕویدا؟ ئەوەبوو دکتۆرەکە بە ڕەنگێکی تێك چووەو بە شێوەیەکی غەمباری هاتە دەرەوەو هەر سەری بـا دەدا منـیش لـە دڵی خۆمدا ووتم: لەوانەیە براکـەم مردبـێ ،بۆیـە چـوومە پـێش لـە دکتۆرەکەو پێم ووت توخوا دکتۆڕ چـی بـووە؟ براکـەم سـەلامەتە،

دكتۆرەكەش وەڵامی دامەوەو ووتی: نا كوڕەكەم مشكیلە براكەت نیە موشكیلە ئەوەیە كە توشی نەخۆشی ئایدز بویتەو خوێنەكەت بەو نەخۆشیە پیس بووە...بۆیە لەو كاتەدا ئاگام بەسەر خۆمەوە نەماو وەك هەورەبروسكە لیم بدات ئاوابوو، خۆزگە زەوی شەق دەبوو منی هەڵ دەلوشی، بێجگە لەوەش دكتۆرەكە هەواڵی ئەوەشی پێدام كە نەخۆشیەكەت تامردن لێت نابێتەوە ...هەر بۆیە ئەوەبوو دوای2 ڕۆژ لەڕوداوەكە براكەم گیانی سپاردو مرد؟؟!!............جا دوای 10ڕۆژ لە مردنی براكەم ئافرەتەكە تەلەفۆنی بۆ كردم و ووتی: ئەوە تۆ لە كوێی ئازیزەكەم، بیرت دەكەم، جا منیش بەتوڕەییەوە وەڵامم دایەوەو ووتم: چیت دەوێت؟ ئەویش ووتی: ئەوە چیتە بۆ ئاواتوڕەیت؟ منیش ووتم: براكەم بەڕوداوێكی دڵ تەزێن مردووەو منیش بۆی دڵ گرانم ، بۆیە ئیستا داوای لێ بوورنت لێ دەكەم كە ئیتر ناتوانم بتبینمەوە، ئافرەتەكەش ووتی: بۆ؟ هیچ بووە؟ منیش ووتم : بەڵێ جگە لە لە دەست دانی براكەم توشی كێشەیەكی تریش بوومە ئەویش ئەوەیە كە بە نەخۆشی ئایدز خوێنم پیس بووە، بۆیە ئافرەتەكە یەكسەر زانی و ووتی باشە چۆنت زانی؟ منیش بەسەر هاتەكەم بۆباس كرد، ئافرەتەكەش ووتی:

باشه تۆ بێجگه لەمن له هیچ کەسی تـر نزیـك بویتەتـەوه؟ منـیش ووتم: نەخەیر، ئینجا لێرەوه ئافرەتەکه ووتی: بەڵێ ئێستا هەموو هیواو ئاواتم هاته دی، منیش به تورەییـیـەوه ووتم : مەبەسـتت چـیه ؟ ووتـی : بـاش بزانه ئەمه ی که توشت بووه لەمنـەوه بـۆت گوێزراوەتـەوەو دەشـبینی ئەمه یەکەم کەس و کۆتا کەس نابێت که توشی ئەو نەخۆشیەی دەکەم بای بای ... پاشان کوڕه ووتی ئێستا له حاڵەتی دەروونـی زۆر خراپـدام لـه تەمـەنی 32سـاڵیدام و ژنم نـەهێناوەو لـه 29سـاڵیەوه توشـی ئـەم نەخۆشیه بوومه(1)

# دیاریەك بۆ خوشکەکەم

## (( تا گه نجیت ))

خوشـــکه کـــەم ئێســـتا بـــەهاری ژینتـــه گەشـــاوەی گەشـــی
گـــوڵی ســـەدتەرزی، ڕازاوەو بـــەرزی، جـــوان وبـــۆن وەشـــی
زەردەواڵـــەو مـــێش، کوللـــەو مێشـــووله، لـــه پەلاَســـدان بـــۆت
گەر ووریا نەبی دووچاری له کەو دوا ڕۆژی ڕەشی

---

(1) بڕوانە: (پاکیزەیی (240-246 )

ســـبەی پـــایزە هـــەورە تەمـــە و دوو، زووقـــم و تەزینـــە
سیســـــی و ژاکـــــاوی و گەڵاڕێزانـــــە، کـــــاتی وەرینـــــە
ئەوکاتـــە هـــیچ کـــام نایـــەن بـــەلاتا، حاشـــات لـــێ دەکـــەن
خوشـــکم ئەوانـــە کـــارو پیشـــەیان هـــەر دەســـت بڕینـــە
خوشـــکم ئەوانـــە ئێســـتا تـــا مـــەزرۆن بـــۆ یـــەك نێـــو نیگـــات
ئامـــادەن ببنـــە کۆچـــی قوربـــانی هـــەنگاوی ڕێگـــات
گـــەر نـــەخوازەلاً بەردەســـتیان کـــەوی تاســـەیان بشـــکێت
بەرەڵات ئەکەن ،دەربەست نین دۆزەخ ببێتە جێگات

خوشـــکم ئـــەبینی تـــۆ بـــە چـــاوی خـــۆت گـــوڵ و گوڵاڵـــە
کامیـــان قەشـــەنگ و جـــوان وبـــۆن خۆشـــە، ڕەنگـــین و ئاڵـــە
لەســـــەرەتاوە چـــــەندە تاســـــوخە، چـــــەند بازاڕگەرمـــــە
کە ژاکا جێگەی تەنەکەی زبڵە، سەنێرگەو چاڵە

هـەتاکو گـەنج بـوون جـوان ودڵ فـڕێن، تـا شـای تەمـەن بـوون
شەوچەرەی ( مەلها )و ئەستێرەی گەشی ئاسمـانی( فـەن بـوون )

لای هەرزەو نەزان، نمونەی ژین و زۆر بەهرە مەند بوون پیریان لێ نیشت بەرەلاکران ، ڕیسواو بە پەن بوون(1)

# پاشکۆیەك .....

# ( 20 ) ئامۆژگاری زێڕین

# بۆخوشك و برایانی سەنگین

**خوشك و برای موسوڵمان:** ئەم چەند ئامۆژگاری یە دیاریە بۆ بەڕێزت بۆیە پێویستە کە تۆش ڕەچاوی بکەیت لە کردەوەی ڕۆژانەتدا کاریان پێ بکەی، وەبشزانە بە ئەنجام دانی ئەم چەپکە ئامۆژگاریە ژیانت لە سەر پێچی و ناخۆشی و دڵ تەنگیەوە دەگۆڕێت بۆ ژیانێکی ئاسوودەو ئارام و بەختەوەر، بۆیە هیوا خوازم کە سوودی هەبێ بۆت فەرموو:

---

(1) سروةي بيَداري (جمال حبيب الله).

**1- ئاگادارو وشیاربە نەکەی تەوبە دوا بخەیت:** بەڵکو بەردەوام بە لەسەر گەڕانەوە بۆلای خوای گەورە و میهرەبان، لەبەر ئەوەی تۆنازانی کەی دەمریت وەبشزانە ئەگەر تەوبە نەکەیت و نەگەڕێیتەوە ئەوە دەچیتە ڕیزی ستەم کارانەوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴾ الحجرات: 11) واتە: ئەوانەی کە تەوبە ناکەن و ناگەڕێنەوە بۆلای خوا بەڕاستی ئەوانە لەڕیزی ستەم کارانن، وەبشزانە زانایان (ڕەحمەتی خوایان لێبێت ) کۆڕان لەسەر ئەوەی کە تەوبە واجبە.

**2- ئاگادار بە فریو نەخۆی:** و هەڵ نەخەڵەتێی بەچەند شتێکی کاتی و شوێن کەوتن و لاسایی کردنەوە ی تاوان باران، چونکە بزانە کەتۆ زۆر گەورەو بەڕێزی وە زۆر لەوەش گەورەتری کە بچیتە ڕیزی ئاژەڵانەوە ،هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴾ (الفرقان: 44) واتە: ئەوانە وەك ئاژەڵ وان بەڵکو لە ئاژەڵیش خراپترو گومڕاترن .

**3 هەوڵ بدە لەزۆربەی ووتە:** و کردەوەکانتدا شوێن سوننەت بکەویت دوور بکەووەوە لە و شتانەی کە زیانیان بۆ دینت هەیە هەر لەبەر ئەوەشە کەخوای گەورە دەفەرمویت :﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ

فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ﴾ (الحشر: 7) واتــە: ئــەوەی کــە پێغەمبــەر ﷺ ئــەنجامی داوە و کردوویــەتی تــۆش ئــەوە ئــەنجام بدەووەری بگرە وەشوێن پێی هەڵگرە و شوێن ڕێبازەکەی بکەوە هەروەها ئەوەی کە نەهیشی لێ کردوە تۆش دووربکەوەوە لێـی و خۆتی لێ بپارێزە .

**4- بەردەوام بە لەسەر یادو زیکری خوا :** لەهـەموو کاتێکـدا جا چ بە نهێنی یاخود بەئاشکرا یان بەپێوەبویت یاخود بە دانیشـتنەوە، وەئاگاداربەنەچیتە ڕیزی بێ ئاگایانەوە، بەردەوام زوبانت بـە یـادو زیکری خوا بڕازێنەوە، چونکە سەرەڕای پاداشـتی خـوایی وقـورس بوونی تای تەرازووی چاکەت دەشبێتە هۆی پاراستنت لە شـەیتان خوای گەورەش دەفـەرموێت :﴿ فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُواْ لِي وَلاَ تَكْفُرُونِ ﴾ (البقرة: 152) واتـە: یـادوزیکرم بکـەن، بـاس و یادتـان دەکەم، سوپاسم بکەن و بێ باوەڕمەبن .

**5- خۆت بپارێزە لە زۆر چوون بۆ بازاڕ:** مەگەر بۆکاری پێویسـت نەبێت، وەئەگەر هەر چویتە بازاڕ ئەوا ئاگات لەخۆت بێـت لـەکاتی چـوونە بـازاڕدا هەولبـدە بـەپێی فـەرمانی خـواو پێغەمبـەری خـوا

ﷺبچیت و بگەڕێیتە وە، وە ئاگادار بە زۆر بەملاو لادا مەڕوانە .چونکە چاو کاری خۆی دەکات .

**6- سوور بە لەسەر وەرگرتنی زانست:** و زانیاری وە هەوڵی بەدەست هێنانی بدە، لەبەر ئەوەی تەنها دەتوانی بەهۆی زانستەوە بە هەورازی ناهەمواریەکاندا سەربکەویت، وەهەر زانستی بە سوودیشە دەبێتە هۆی پاراستنی مرۆڤ لەدونیاو دواڕۆژدا . وەدەشبێتە هۆی چوونە بەهەشتی بەندە وخوای گەورە بەهۆی ئەو زانستەوە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (من سلك طريقا يلتمس فيه علما سهل الله له طريقا إلى الجنة)[1] واتە: هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێت بۆفێربوونی زانستێك ئەوە خوای گەورە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات .

**7-خۆت بپارێزە لە خۆبەزل زانین:** و لەخۆبایی بوون، لەبەرئەوەی بەڕاستی هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ تورەبوونی خواو پوچەڵ بوونەوەی کردەوەکان، وە هۆکاریشەبۆ گەیشتن بە

(1) برِوانة: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (6298).

دۆزەخ، وە بشزانە خوای گەورە بەهیچ جۆرێك کەسانی خۆبەزل زانی خۆش ناوێت .وەك دەفەرموێت :﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴾( لقمان: 18) واتە: بەڕاستی خوای گەورە ئەو جۆرە کەسانەی خۆش ناوێت کە لووت بەرزو لە خۆبایین، بۆیە خۆبەزل زانین نکوڵی کردنە لە حەق و ڕاستی بە کەم تەماشاکردنی بەرامبەریشە، کەواتە زۆر ئاگات لەم ڕەوشتە بێزراوە بێت پێش ئەوەی پێت ڕابگەیەنرێت کە تۆ ئەهلی دۆزەخیت، وەك پێغەبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (ألا أخبركم بأهل النار ؟ قالوا بلى قال كل عتل جواظ مستكبر)[1] واتە / ئایا پێتان ڕا بگەیەنم کێن ئەهلی دۆزەخ ؟ فەرمووی : هەموو کەسێکی دڵ ڕەق و ووشکی ماڵ کۆکەرۆەوەو خەیر نەکەرێکی خۆبە زل زان .

8- **بەردەوام بە لەسەر خەیر کردن** کە ئەمە زیاتر بە ماڵ و پارە دەکرێت ئەگەر دەتەوێت زیاتر لە خوای کارجوان نزیك بیتەوە ، چونکە بەهۆی ئەو کارەوە تاوانەکانت دەسڕێنەوە وەك خۆشەویستمان ﷺ دەفەرموێت : (الصدقة تطفئ الخطيئة كما

(1) رواه البخاري (4918) ومسلم (7116) .

يطفئ الماء النار)[1] واتە / خەیرکردن تاوان دەکوژێنێتەوە هەروەك چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە .

9- **ئاگاداری گفتوگۆ** قسەکردنت بە هەوڵ بدە کەم بدویێ و زۆر ببیستە، چونکە هەرکەس زۆربدوێت زۆریش هەڵە دەکات زۆریش هەڵەی کرد زۆر تاوانبار دەبێت ،وەك بەوەی کە خوای میهرەبان چۆن دووگوێی پێداوی بەلاَم لەهەمان کاتدا یەك دەمی پێداوی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زۆر ببیستە بەلاَم کەم بدویێ ! پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيرا أو ليصمت)[2] واتە: هەرکەس باوەڕی بەخواو بە ڕۆژی دویی هەیە با قسەی چاك بکات یاخود بێ دەنگ بێت .

10- **نەکەی بێ ئومێدبیت** لە ڕەحمەتی خوا، نا بەڵکو بەردەوام بە ئومێدەوە بژی و بشزانە کە خوای میهرەبان خاوەن ڕەحمی خۆیەتی و زۆریش لێ بووردەیە، وە تەنها بێ باوەڕانن کە لە ڕحمەتی خوا بێ ئومێد دەبن، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:

---

(1) بروانة: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (5136).

(2) رواه البخاري (6018) ومسلم (172).

﴿ إِنَّهُ لاَ يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ ﴾ (يوسف: 87).

واتە : بەڕاستی کەس لە ڕەحمەتی خوا مەئیوس و بێ ئومێد نابێ تەنها بێ باوەڕان نەبێت .

11- **خۆت بپارێزە لەباس کردنی تاوان:** بۆ خەڵکی جا چ تاوانێك کە خۆت ئەنجامت دابێت یاخود تاوانێك کە کە سێکی تر ئەنجامی دابێت ، چونکە دەبێتە هۆی هەڵنانی خەڵکی بۆ ئەو تاوانەو تاوانەکانی تر و وەدەشبێتە هۆی بە سانایی تەماشاکردنی تاوان و بەرەو سزای خواییت دەبات وەك خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾(النور: 19) واتە: ئەو کەسانەی ئارەزوویانە کە خراپەو فاحشە لە ناو موسوڵماناندا بلاو بێتەوە بەوەی کە باسی خراپەکەیان بکەن، ئەوا سزایە کی زۆر بەئێش و ئازار دەچێژن لەدونیاو دواڕۆژدا وە ئەوەش خوای گەورە دەیزانێت وە ئێوە نایزانن .

12- **دوور بکەوەوە:** لە شایەدی دان بە درۆ، لەبەرئەوەی بەڕاستی ڕەوشتێکی بێزراوەو ناشیرینە وە دەشبێتە هۆی تێك

دانـی نێـوان کەسـەکان و داڕوخـانی تـەواوی کۆمەڵگـە، وەبشـزانە شـایەدی دان بـەدرۆ تـاوانێکی گەورەیـەو بـەرەو درۆکـردن و قسـە هەڵبەستن و شتی ناڕەوا دەتبات، خـوای گـەورش دەفـەرموێت: ﴿ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ ﴾ (الحج: 30) واتـە: دوور بکەونـەوە لـە شـایەدی دان بە درۆ.

**13- خۆت بپارێزە لە خۆ شوبهاندن:** بە ڕەگەزی بەرامبـەرت هـەر لە قسەکردن و پۆشـاك و هەڵسو کـەوتت تـا دەگاتـە هۆکارەکانی جونکاری، چونکەزۆر بەداخەوە لەم سەردەمی بەناو پێشـکەوتنەدا مروڤ واخۆی لێ وون بووە تەنانەت بە ڕەگەزی خۆشی ڕازی نیەو دەیەوێت ئەویش ناوبنێ لاسایی، بۆیە تکاتان لـێ دەکـەم ووریـابن بەر لەعنەتی پێغەمبەری خوا ﷺ نەکەون وەك لەفەرموودەیـەکی بـەڕێزدا هـاتووە( أن رسول الله لعن المتشبهات من النساء بالرجال والمتشبيهن من الرجال بالنساء )(1) واتـە/ پێغەمبـەری خـوا ﷺ نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەشوبهێنن بە پیـاوان و وە ئەو پیاوانەشی کە خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان.

---

(1) رواه البخاري ( 5885).

**14- ئاگاداربە شەرم نەکەیت:** لە ڕاپەڕاندنی کاری دینداریتدا هەمیشە کەسێك بە لەوانەی کە شانازی دەکەن بەو ڕەوشتەئیسلامیەی هەڵیان گرتووەو لەدونیادا پێی دەناسرێنەوەو هەر ئەوەش بۆیان باشترە ، بۆیە نەکەی ئامان شتێك لە دینەکەت لەبەر شەرم و تانەو تەشەری خەڵکی بشاریتەوەو، چونکە هەرچی بکەن ﴿ وَأَنتُمُ الأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾ (ال عمران: 139) واتە: هەر ئێوە سەربەرزو سەرفرازن ئەگەر باوەڕدار بن .

**15- نەکەی بەبێ پێویستی:** داوا لەخەڵکی بکەیت، خۆت بپارێزە لەو جۆرە داواکردنانە هەمیشە پشت بە دەست و بازووی خۆت ببەستەو مەبە بارگرانی بۆ خەڵکی تر هەروەك رسول اللهﷺدەفەرموێت :( من سأل الناس و له ما يغنيه جاء يوم القيامة و مسألته في وجهه خموش أو خدوش)(1) واتە: ئەوەی بەبێ پێویستی داوا لەخەڵکی بکات ئەوا لەڕۆژی دواییدا دەم و چاوو ڕووی ڕوشێندراوە .

(1) برِوانة: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (6279).

**16-هەوڵ بدە کەسێکی ڕاست گۆبیت** لەهەموو ووتەو کردەوەکانتدا ، چونکە بەڕاستی هیچ سیفەتێك نیە لەناو سیفەتە بەرزو بەڕێزو جوانەکاندا بەوێنەی ڕاستگۆیی، بەوەی ڕاستگۆیی بەوێنەی ئەو کەشتی یە گەورەیەیە کەسواربووانی خۆی دەگەیەنیێتە دوامەنزڵ کەئەویش بەهەشتە وەك خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الصِّدِّيقُونَ ﴾ (الحديد: 19) واتە: ئەوانەی کە بڕوایان بەخواو نێردراوەکانی هەیە بەڕاستی ڕاست گۆن، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( الصدق طمأنينة و الكذب ريبة)[1] واتە: ڕاستگۆیی دڵ ئارامیە و درۆش دڵ تەنگی و گومانە.

**17 - خوت بپارێزە لە غەیبەت:** و باس کردنی پاش ملە، لەبەرئەوەی جگە لەوەی کە ڕەوشتێکی بێزراوە دەشبێتە هۆی سزای دواڕۆژو هەروەها خواردنی گۆشتی براکەشتە لەدونیادا، وە دەم درێژی کردنیشە بۆسەر شەرەف و نامووسی بەرامبەرت، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (أتدرون ما الغيبة ؟ قالوا الله

---

(1) بڕوانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (3378).

ورسوله أعلم قال ذكرك أخاك بما يكره)[1] واتە: ئایا ئەزانن غەیبەت چی یە ؟ فەرمووی: باسی براکەت بکەی بەو جۆرەی کەپێی ناخۆشە .

18- **خۆت بڕازێنەوە** بەخەندەو پێکەنین، چونکە دەبێتە هۆی خەیرو سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەرت وەبشزانە توڕەیی و مرو مۆچی لە موسوڵمان نایەت ، بەوەی پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت: (تبسمك في وجه أخيك صدقة)[2] واتە: زەردەخەنەیەك بەرەو ڕووی براکەت بۆت دەبێت بە خەیر .

19- **زۆر یادی مردن بکەوە:** و بەبیری خۆتی بهێنەوە ئەویش بەسەردانی هاوڕێی و خزم و کەس وکاری نەخۆشت یان بەسەردانی گۆڕستان و بیرلێکردنەوە لە لەناوچوونی گەلانی پێشوو ، خوای گەورەش دەفەرمووێت: ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ الْمَوْتِ ﴾ (ال عمران: 185) واتە : هەموو نە فسێك دبێت مردن بچێژێت .هەروەها

---

(1) رواه مسلم (6536).

(2) بروانة: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (2908).

پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە سەردانی گۆڕستان دەفەرمووێت: (فإنها تذكر الآخرة) واتە: یادی دواڕۆژتان دەخاتەوە.

20- **پارێزگاری لە نوێژەكانت** بكەو لەكاتی خۆیدا ئەنجامی بدە بۆ برایان لە مزگەوت و ئافرەتانیش لەماڵەوە، بەتایبەتیش هەردوو نوێژە كە ( بەیانی و عەصر ) وەك خوای گەورەش دەفەرموێت:﴿ وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ ﴾ (المؤمنون: 9) واتە: ئەوانەی پارێزگاری لە نوێژەكانیان دەكەن . نیشتە جێی بەهەشتی هەتاهەتایین . هەروەها پرسیار كرا لەپێغەمبەری خوا ﷺ كام كردەوە زۆر چاكە لای خوا : ئەویش فەرمووی : ( الصلاة على وقتها ).(1)

رێبوارێكم بۆ توێشوویەك لام داوەتە ئەم دونیایە

كۆچ كردنی یەكجارەكیم لە ئەمرۆ یان سبەیدایە

---

(1) رواه البخاري (527) ومسلم (249).

## لە کۆتایـــــدا ............

**خوشـــکان** ... **برایـــان** ... لـە کۆتـایی ئـەم نوسـینەدا، ڕێـزو خۆشەویستیم هەیە بۆهەموولایەك، وەزۆرسوپاسی خوای گەورەش دەکەم کە یارمەتی دام بۆ تەواو کردنی ئەم بابەتـەو هیواخوازیشـم کـە ئـەم بابەتـە ببێتـە هۆکـارێکی بـاش بـۆ بـە خۆداچـوونەوەو زەنگێکی ئاگادار کەرەوەیش بێت بۆ هەموو ئەوانەی کە شەیتان و سـەربازە چـالاکە ماندوونەناسـەکانی تـا ئێسـتا فریـوی داون، هـەروەها هانـدەرێکیش بێـت بـۆ گەڕانـەوەو تەوبـەکردنێکی ڕاستەقینە، وەداواکارم کە خوای گەورە هـەموو لایـەك بـە خـۆم و تۆو ئەو خوشك و برایەشی کە تامـەزرۆی دیـداری خوایـە بپارێزێـت لەو تاوانەو لە شـەڕوفیتنەی هـەواو ئارەزووەکانمـان وە داوای لـێ بوردنیش لە خوای گەورە دەکەم لە هەرهەڵەو کەم و کوڕییـەك کـە لەم نامە شەرعیەدا ڕویدابێت.

## سەرکەوتن و پاداشتیش تەنها لای خوای بەخشندەیە

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين.

## سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە


1- تفسير القران العظيم /أبي الفداء إسماعيل إبن الكثير.

2- پوختەی تەفسیری قورئان / مەلامحمد مەلاصالح.

3- الداء والدواء/ إبن القيم الجوزية.

4- رياض الصالحين /أبي ذكريا يحى بن شرف النووي.

5- وقاية الانسان من الجن والشيطان / وحيد عبدالسلام بالي.

6- المعجم الوسيط / حسن عطية و محمد شوقي امين .

7- فتاوى النساء/ لابن تيمية - تحقيق محمد بيومي .

8- التوجيهات الاسلامية/ محمد بن جميل زينو.

9- أين نحن من أخلاق السلف/ عبدالعزيز بن ناصر و بهاء الدين فاتح .

10- الابتلاء بفتنة النساء/ محمد صالح المنجد.

11- ديوان الامام الشافعى / أبى عبدالله محمد بن إدريس.

12- نەزەر کردن لە نێوان ئاین و زانستدا/ باوکی فریشتە.

13- خەیاڵی خۆشەویستی / هەتاو نصرالدین.

14- چۆن بەرەنگاری ئارەزووەکان دەبیتەوە؟ / فەلاح حەسەن .

15- گوڵی کۆمەڵگا / باوکی فریشتە.

16- پاکیزەیی / سۆران محمد فەرەج.

17- ڕێگای ڕاست ژمارەکانی ( 5-6-7)/ گۆڤار.

18- هەستیار ژمارە (10) / گۆڤار.

19- هەیڤ ژمارە (7-8 ) /گۆڤار .


## ماڵپەڕی فەرموودە

## هەمیشە ڕاستگۆیی بۆگەیاندنی حەق

## قورئان و سونەت

# www.fermude.com